ڕۆمان



# ئەربیل

کارزان ڕەحمان

بۆ چالاكیی ئەدەبی و فەرهەنگی

له بڵاوكراوەكانی كولتوور ژماره (13)

# ناسنامەی كتێب

| | |
|---|---|
| ناوی كتێب: | ئەربیل |
| نووسەر: | كارزان ڕەحمان |
| بابەت: | ڕۆمان |
| بەرگ و ناوەڕۆك: | ئیبراهیم ساڵح |
| تیراژ: | ١٠٠٠ |
| بڵاوكار: | خانەی كولتوور |
| نرخ: | ٣٠٠٠ |
| چاپخانە: | تاران |
| ساڵی چاپ | ٢٠٢٠ |
| نۆبەتی چاپ : | یەكەم |
| ژمارەی سپاردن: | (٦٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) |

# کوشتن

عەبدوڵڵا گوڵناز، لە بەیانییەکی ساردی دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٩٠دا تەرمی لە شەقامێکی نزیک ماڵەکەی، کەوتبوو. خوێنی ڕژاوی تێکەڵ بە ئاوەڕۆکە بووبوو. تاوێ چەکووش و داس، تاوێ درهەم، لە ملیا دەدرەوشانەوە، ئەگەر سێبەری درەختەکانی سەر شۆستە لێگەرابوونایە. "کوژراو ساڵانێکی زۆر کارەباچی بوو، سەدان ماڵی لەم شارە رووناک کردووەتەوە، بەڵام ئایا دەتوانێ گۆرەکەی خۆیشی رووناک بکاتەوە؟" ئەمە قسەی مەلا برایمی خانەقا وتارخوێنی مزگەوتی ئەو گەڕەکەیە کە عەبدوڵڵا گوڵنازی تێدا کوژرا. ئایا ڕێککەوتە بکوژی وی دەمودەست لەوێ دڵی وەستاوە و مردووە؟ ئەو کێ بوو و بۆچی ئەمی کوشت؟ ئایا ئیتر هیچ کەس، هیچ شتێک، لەبارەی ئەو رووداوەوە نازانێ و هەرچی نهێنی هەیە بکوژ لەگەڵ خۆی بردوویەتییە ژێر گڵ؟ بۆ ئێوارەکەی، منداڵەکانی گەڕەک، تۆپەکەیان لێکەوتە هەمان ئەو جێگەیە کە عەبدوڵڵا گوڵنازی تێدا کوژرا، نەچوون، تا تۆپەکە بیهێننەوە، ئایا ئەو منداڵانە ترسان بچن تۆپەکە ببەنەوە؟ یەکێکیان ئیبۆ ناوێکە، بۆ منداڵەکانی دی باس دەکات: "بە چاوی خۆم دیتم، بەیانی زوو پیاوێک لە بەرازیلییەکی سۆر دابەزی، کلاشینکۆفێکی

لە دەست بوو، تەماشای ئەم دیو و ئەو دیوی خۆی کرد و چووە نێو مزگەوتی پاشا. دواتر لە سەر بانی مزگەوتەکەوە بینیمەوە..."

کلاشینکۆفەکەی بە ئاراستەی من بەرزکردەوە و نیشانەی لێ گرتم، وەکئەوەی بیەوێ ڕەوە باڵندەیەک بەیەکەوە بکوژێ و هیچیان ڕزگاریان نەبێ. چاوی تیژی بازئاسای لەسەر هەڵنەدەگرتم، ڕقێکی زۆر، عەینەن کێشەیەکی گەورەی لەگەڵم هەبێت. قاچی ڕاستی لەسەر کورسییەکی شکاو و چەکەکەی لەسەر ئەژنۆی دانابوو، ئەو بکوژبوو، یان گیتارژەن؟ بە لۆژە لۆژ، کڕ و بێدەنگ، بەرەو رووی دەچووم. شریخەی گوللە لە گفتوگۆ بەئاگای هێناین؛ من و ڕەمزی ساقیی هاوڕێم سەرەتا نەمانزانی کە گوللە بەر هیچمان کەوتبێ، بەڵام دوای چەند ساتێکی کەم زانیمان گوللەیەک بەر سنگی ڕەمزی کەوتبوو. ئەمە دوای هاتنە دەرەوەمان بوو لە کۆرەکەی ڕەمزی لە هۆڵی گەل. دوای دوو ڕۆژ، ئاشکرا بوو، هەڵبەت بۆ ئێمە، نەوەک بۆ خەڵک! ئەوانەی بریاری کوشتنەکەیان دابوو، هەر سەرکردایەتیی ئەو حیزبە بوو کە ڕەمزی تێیدا، ئەندام بوو. لەم حزبەدا هەر ئەندامێک بیەوێ بێتە دەرێ، یان یەک ڕەخنە بگرێ، ئەگەر دۆستانەیش بێ، دەکوژرێ...

"ئەرێ بەڕاست ئەو کوژراوە؟" چەند جارێک لەسەر گۆری مامۆستا دووپاتم دەکردەوە و دواتر هەر خۆم وەڵامم دەدایەوە؛ بەڵێ، شەوی رابردوو لەگەڵ مامۆستا پێکەوە بووین. کەسێک کە بە مامۆستا بانگم کردبێ و ناویشی عەبدوڵڵا گوڵناز بووبێ، دەبێ کەسێکی خۆشبەخت بووبێ، دەبێ کەسێکی کەڵەگەت بووبێ، پرچێکی ماشوبرنجی، سمێڵ گەورەی هێندەی بابۆڵەیەک، ورگێکی زل، زۆرنا، هەر یەکدووانێکی تێدا بێ! کەسێک کە ناوی عەبدوڵڵا بووبێ، دەبێ پاڵتۆیەکی خەنەییی لە

دوای خۆی جێهێشتبێ، دەبێ من ژنەکەیم خۆشویستبێ، دەبێ هەستیاری بە شیرینی هەبووبێ. من دەیانجار وێنەیم گرتبێ...
لەو شەوەئەگلەنجەدا بەدەم خواردنەوە، گوێگرتن لە مەقام و قۆریات، تێر سەمامان کرد. لە نیوەشەو دا، کە تەنیا حەپەحەپی سەگ دەبیسترا، هاتینە دەرەوە. بەنێو کۆڵانە پێچاوپێچ و تەنگەبەرەکانی تەعجیل دا، چاومان بە سێبەری سەیروسەمەرە کەوت. تیشکی گڵۆبەکان رژابوونە سەر شەقامی لە بەردی شاخ دروستکراو. سێبەری پشیلەیەک تێکەڵ بە خشتی سووری دیواری ژووری خانووەکان بووبوو، چونکە بەشێک لە خانووەکان حەوشەیان نییە، پەنجەرەی ژوورەکانییان، دەکەونە کۆڵانەوە. ژنانی دراوسێ لەوێوە یەکتر دەبینن، قسە و دەنگوباس ئاڵوگۆر دەکەن. ئایا ئەوە من بووم وێنەی ئەو ژنەم لە پەنجەرەی خانووەکەی ماڵی مامۆستا بینی، یان هەر بەڕاستی خودی ساکینە نەسیمزادەی هاوسەری مامۆستا بوو، کە هەر لە پەنجەرەڕا رووداوی کوشتنی هاوسەرەکەی دیتبوو؟!
پاشان لەسەر قەڵات گیرساینەوە و بەردەوام سەیری خوارەوەمان کرد، من گوتم، مادام ئێمە هەر سەیری خوارەوە دەکەین، بۆچی هاتووینەتە سەرەوە؟
ئەی کوێر بم هەیش... هێشتا تەرمەکەیم لە بەر چاو لاناچێ، کە چاوم بەحاڵی کەوت کوڕووزە لە هەناومەوە هات. کتێبەکانی لە سەر شەقام کەوتبوو. پێم ناخۆش بوو پانتۆڵەکەی لەنێو تۆزوخۆڵ پیس بووبوو. بەم دەستانەم بۆم پاککردەوە. کتێبەکانیشم کۆکردنەوە. وەک منداڵێکی باوککوژراو دەستم بە گریان کرد. چەند ناخۆشە ئیتر کەس لەسەر سوێری و ترشی چێشتەکان لێم توورە نابێ، خۆم ترشی و سوێرییم کەم و زیاد دەکرد، تا لێم بتۆرێ، بەڵام ئیتر کەس ناتۆرێ!

چەند خۆشە هەمیشە یەکێ هەبێ لێت بتۆرێ و تۆش لە خۆشەویستدا، خۆت بە قاچ و مل و هەموو شتێکی دا، هەڵسوێ!

# کوشتن

لە سەر بانیماڵی باپیرم، چاودێری دۆخەکەم دەکرد، ئەو وێنەیەی مەلا برایمی خانەقا پێیدابووم بۆ دڵنیابوونەوە بوو، هاوکارێکی باشم بوو. بەدیار وێنەکەوە وەستام، هاکا دێ، بەڵام کە هات، هیچ لە وێنەکەی نەدەکرد! تا براکەم، ئەو برایەی دەیەوێ وەکوو سەربازێکی ڕێی ئەم دیینە، چۆن ئەو هەڵگەڕاوە دەپێکێ. سەگبابی ترسنۆک دەڵێی ژنە ژن، لە ڕێی دەڕوا! لەگەڵ یەکەم دەنگی گوللە تەکبیرم لێدا، گوللەیەکی بەرکەوت و کەوتە سەر ئەژنۆ.

ویستم لە ڕۆژنامەکان لە گۆشەی خۆناساندن، خۆم بناسێنم و بنووسم: من مەلا برایمی خانەقام، هەرچیم مەرام بێ، دەتوانم بیکەم، تەنیا هۆی سەرکەوتنیشم، زمانمە. من زمانێکی وام هەیە، هەموو کەسێک لە خشتە دەبەم. تۆی مرۆڤ، بۆ ئەوەی هەمیشە سەرکەوتوو بیت، پێویستە هەم زمانێکی باشت هەبێ، هەمیش قوماربازێکی باش بیت. قسەیەکی دووبارەشە، بەڵام زمان و قومار، دوو دیوی دراوێکن!

ئێستا با خۆم بناسێنم، من بە ڕۆژ مەلا برایمی خانەقام و بە شەویش زەینەڵ قومارباز. بەڕۆژ لە مزگەوت و کۆڕ و کۆبوونەوەکان لە خزمەت دیین و موسڵمانان دام. بە شەویش لە ئەربیل پالاس و یانە و ماڵەکان و شوێنەکانی تر خەریکی قومارم... با کەس ڕەخنە لە دیین

نەگرێ. ئەو کاتەی بڕیاری کوشتنی عەبدوڵڵا گوڵنازم دا، من زەینەڵ قومارباز بووم، نەک مەلا برایمی خانەقا. خۆی لە ڕاستیدا هەموومان هەر قوماربازین!

# قومارباز

بەڵام ئازیزان، ئێوە قومار بەچی تێگەیشتوون، مرۆڤ بە قوماربازی لە دایک دەبێ. لەکن من؛ هەموو شتێ قومارە. هەموو مرۆڤێ قوماربازە. هەموو شوێنێ قومارخانەیە. ئەگەریش وەکوو پیشە لێی بنوارین، قومار ڕەسەنترین و پاکترین پیشەیە لە باوانمانەوە مابێتەوە. ئەو پیشەیەی هیچ خراپەیەکی بۆ مرۆڤ نییە، هەر کەسێک و بەخۆشی و بۆ خۆشی خۆی یارییەکە دەکات. دواجار ئەوەی دەیدۆڕێنێت، ماددەیە، نەک خۆی. ئەو پیشەیە بەناوی جوان و باقوبریقەوە خۆی نەشاردووەتەوە. بەڵکو بەناوی خۆیەوە ماوەتەوە، لە ڕاستیدا قوماربازی ناوی ڕاستەقینەی گشت پیشەکانە. جا ئێوە هێشتا نکوولّی لەوە دەکەن، ئەوە پێوەندی بە خۆتانەوە هەیە، بەڵام هەر کەسێک دێتە لاتان مامەڵەتان لەگەڵ دەکات، ئەو کەسە باش دەزانێت بۆ قومارکردن هاتووە! تازە ناوتان بەوشێوە درۆینە ڕۆیشتووە. بۆیە سەختە ناوی دووکان و کارگە و قاوەخانە و کەبابخانە و هەموو شوێنەکانی تر و پیشەکانی تر بگۆڕیت. پێویستە لەگەڵ ناوی شوێنەکە، قومار یان قومارباز، یانیش قومارخانەی بۆ زیاد بکرێ. زۆر ناو هەن ڕەنگە بۆ من نەک هەر خۆشەویست بن، بەڵکو پیرۆزیش بن، بەڵام ئەمە حەقیقەتە و ئەمرۆ نەبێ، سبەینێ دەردەکەوێ، ئینجا با من دەستپێشخەری بکەم و

خۆم لەم زۆنگاوە دەربێنم. بۆ نموونە: گەرماوی یازدەی ئازار بکرێتە قوماری یازدەی ئازار، یان ئەو کەسەی تی ئێن تی لە بەردەم یانەکەی تەیراوە دانا، ئایا ئەو تیرۆرستە، یان قومارباز؟ یان هەر بەڕاستی پوولی قومارە؟ ئایا مزگەوتەکەی من، قومارخانەی پاشایە یان مزگەوتی پاشای قوماربازە؟

دوو چیرۆکی قوماربازان:

## شاعیرێکی قومارباز

لە کۆتاییی سەدەی دوانزدەی زاینیدا، قوماربازێک بە ناوی نەوشیروان بەغدادیی هەبوو. هەجووی قومارخانەی ئەربیلی کردووە. بۆ ئەوەی لە قومارخانەی موسڵ پارووپەکی چەور و هەندێ پارەوپوولی دەستکەوێ کە بۆشی نەلواوە و پاشگەز بووەتەوە. ئەمجارە شیعرێکی داشۆرینی دژی خودی خۆی نووسی و داوای لێبووردنی لە قوماربازەکانی قومارخانەی ئەربیل کرد و گوتی، من هەڵە بووم. بە شیعر مەدح و ستایشی ئەم قومارخانەیەی خۆمانی کردووە. ئیتر لەم قومارخانەیە ماوەتەوە...

ئایا ئەم چیرۆکە، چیرۆکی هەموو ئەو قوماربازانەیە کە هاتوونەتە ئەم قومارخانەیە؟

## لە یادەوەریی دوو قوماربازی مەزندا

لە کاتی داگیرکاریی ئینگلیزدا، خاوەنی قومارخانەی ئەربیل ڕەتی کردەوە کە دژی دەستبەسەرداگرتنی قومارخانەکەی، هیچ وەرام و ڕێگرییەکی هەبێ و دژی قومارخانەی سولەیمانی وەستایەوە و رایگەیاند، قومارخانەی ئەربیل، قومارخانەیەکی دێرینە و نابێتە پاشکۆی قومارخانەیەکی تازە، کە هیچی بەسەر هیچەوە نییە. ئاخر گڕوتینی کوردایەتی ئەوانی سەرخۆش کردووە! خاوەنی قومارخانەی سولەیمانی هەر لە سەرەتاوە رایگەیاندبوو، بە هیچ شێوەک ڕێگە نادەم، ئینگلیز پێ بنێتە نێو قومارخانەکەمەوە. گوتبووشی، هیچ پێویستیان بە قومارخانەی ئەربیل نییە بۆ هاوهەڵوێستی و بەرگریکاری، ئەو قومارخانەیە، هێشتا بە شێوازی کۆن یاری دەکەن. بەڵام قوماربازانی قومارخانەکەی ئێمە پێشەنگی قوماربازانن. هێندە بەتوانا و شارەزان، هێندە بە دنیادا گەڕاون، لە لوتکەی قوماربازیدان و سەدانی وەکوو قوماربازانی قومارخانەی ئەربیل لێیانەوە فێری قوماربازی دەبن.

سەرەنجام چی ڕوویدا؟

# وێنە

لەنێو ماڵە یادەوەرییەکەمدا، بەدیار وێنەیەکی مامۆستا و ساکینە نەسیمزادە، لە سینەمایەکی شار، بیردەکاتەوە، بیر لە چی دەکاتەوە؟ ساکنە بۆی گێرامەوە: تەنورەیەکی کورتی تا سەر ئەژنۆم لەبەر دایە، گوڵێکی پەمەیشم لە قژم دابوو، کە تازە ببووە مۆدێل. جانتایەکی سوور لە دەستی ڕاستم و دەستی چەپیشم خستۆتە نێو دەستی ڕاستی عەبۆ. دەمەتەقێ لەنێوانمان دروست دەبێ و بریار دەدەین بلیتەکانمان هەڵگرین بۆ یادگاری. هەر واش دەکەین و دەچینە ژوورەوە، ئەمە خۆشترین ڕۆژی من بوو لەگەڵ عەبۆ. دوای بیست و ئەوەندە ساڵە، ڕۆژێک بەر لە کوشتنی وی، هەر تەنیا ئەو ڕۆژە هەبوو وەک یادگاری باسی بکەین. هەر تەنیا ئەو وێنەیەمان بەیەکەوە هەبوو. کابرای بلیتبڕ بە لایتێکەوە، لەنێو هۆڵەکەدا بەدوامانداەگرێ و ناماندۆزێتەوە، تا دواجار بەناچاری شوێنی تایبەت بە خێزانەکان دەپشکنێ، لە دواوە، ژن و پیاوێک، لە دیمەنێکی وروژێنەردا و شەمهێنەردا، دەمیان خستۆتە دەمی یەکتر، هەمان دیمەنی نێو فیلمەکە دووبارە دەکەنەوە... دوای هاتنە دەرەوەمان، کابرای سینەماکە نەک هەر لێمان توورە نەبوو، بەڵکو سوپاسیشی کردین. ئەگەر ئێمە نەبوونایە ئەو ژنوپیاوەی خەریکی ئیشی خراپ بوون،

ڕەنگە نەگیرانایە و کاتێکیش پۆلیس بەمەی دەزانی، وەک هەندێ ڕووداوی تری نێو سینەمای تر، تووشی لێپرسینەوە و سزا دەبوونەوە! پیاوەکە بەناچاری دانی بە هەموو شتێکا ناوە و بۆی گێراونەتەوە؛ ئای خودایە، چۆن باسی بکەم؟! دوای بوکگواستنەوە و ئاهەنگێران، باوکم پێی گوتم، برۆ لای کچە و پێداگیریشی کرد، هەرچی زووە دەبێ ببێ بە پیاو و من چاوەڕێتم! منیش چوومە ژوورێ و دەرگەم داخست. ئەو کچە داماوە لە ترسان، یان نازانم بە هۆی چی بوو، سەری لە پەنجەرە بردبووە دەرەوە و جەستەی ڕووتیشی لە ژوورەوە وێکهێنابووەوە! ئەمە ساڵی چەند بوو؟ ساڵی بارانە زۆرەکە بوو. چەند هەستێکی خۆشم هەبوو لەو ساتە، بەڵام زۆری نەخایاند و دوای هاتنەدەرەوەمان لە سینەماکە بێتاقەت بووم... من لە هەموو تەمەنم جارێ لە عەبۆ پەست بووم، هەر تەنیا جارێک بەسەریدا هاوارم کرد، هەر تەنیا ئەو ڕۆژەمان لە رابردوو ماوەتەوە.

"تاکەی دەتەوێ وابیت؟ تۆزێ بیرت لای منیش بێ، دەڵێی بەزۆر تۆم هێناوەتە دەرەوە. نەهاتبایت باشتر بوو..."

"بەڕاست؟"

"چاک گوێم بۆ هەڵخە! ئەمن زۆر ئارامم لەگەڵت گرتووە، دەڵێم بەشکوم باش بیت. بەڵام دەبینم بێ ئومێدم دەکەی."

"بڵێم چی؟ دیارە تۆ لە خۆتدا شتێک شک دەبەی؟"

"مامۆستا گیان! دڵنیابە ئەمن هیچ شتێکم نەدرکاندووە."

"ئەگەر وەهاش بێ، من، تازە بەم تەمەنەوە، چیم بەرامبەرت پێ دەکرێ؟ ئەگەر تۆ کارێکی وەهات کردووە گەردنت ئازاد بێ. هەر چۆنێک بێ، تازە درەنگە، ئەمن تاوانبار کراوم وەک پیلاندارێژەری کوشتنی پارێزگار دادەنرێم. لەم ڕۆژانە هەواڵی ئەوەم بیست لە

بەرامبەر ئەو چالاکییەدا، سێ منداڵی دەستگیریان، لای یاریگەکە گوللەباران کردووە."

بە مەستی لەسەر قەڵات هاتینە خوارەوە و تووشی سەرەخولێ و دڵ هەڵشێوانێکی ناخۆش بووم. ئەمجارە بەدەم ڕێگەوە سەیری بەرزترین خانووی سەر قەڵاتمان دەکرد. تا لای گۆرەپانی پۆڵۆ سەیری قەڵاتمان کرد، لە کاتێکدا هیچ بەشێکی قەڵات دیار نەبوو. یاری پۆڵۆ کە گۆرەپانێکی بەنێو کراوە، یەکەمجار لەم شارە سەریهەڵداوە، ئینجا تێکرای جیهانی گرتووەتەوە. دوای هاتنی ئینگلیزەکان، ئەوان دووبارە یارییەکەیان لێرە زیندوو کردووەتەوە. گوتم، لە شەودا قەڵات زۆر ترسناکە، سمێڵی هەیە.

# کوشتن

من عەونی کنێرم، بەدەستی خۆم ئەو کابرا نەفرەتلێکراوەم کوشت. ئەو پیاوەی لە دیین هەڵگەرابووەوە! من بێ بەڵگە و لە خۆوە هیچ ناکەم، ئەوەتا لە چەندین وتاردا، لە ڕۆژنامە بە روونی کافربوونی خۆی ڕاگەیاندووە! ئەدی کافربوون چییە؟ بڵێی پەچە و حیجاب کەلتووری ئێمە نین، یان هاوکاریکردنی مەسیحییەکان بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ، ئاهەنگی بەدڕەوشتی و تێکەڵاوبوونی ژنوپیاو! لەسەر فەتوای مەلا برایمی خانەقا کوشتم. بەیانی زوو، لە ئۆتۆمۆبێڵەکەی کاکم دابەزیم و خۆم کرد بەنێو مزگەوتی پاشاوە. لە سەر بانی مزگەوتەکە پەنجەم لەسەر پەلەپیتکە بوو، نیشانەم لێگرتبوو. زۆر ئاسایی لێم نزیک دەبووەوە و سەیری دەکردم. پەلەم بوو، دەمویست هەرچی زووە بیکوژم. ئەو لەگەڵ یەکەم دەنگی گوللە کە بەری نەکەوت، کەوت...

ئەو درێژی ناشیرینە، کە مەرگی عەبدوڵڵای پێڕاگەیاندم، پێدەکەنی.

"ئاواز خان، مامۆستا دەیتوانی خۆی ڕزگار بکات و نەکوژرێ!"

"چۆن؟"

"تۆ دەتتوانی لە ڕێی مێردەکەتەوە هاوکاری بکەی."

"تۆ چۆن مێردەکەی من دەناسی؟"

"بەڵام مامۆستا داوای لێ نەکردی. ئاتاجی بە کەسمان نەبوو."

"تۆ ئەم شتانە لە کوێ دەزانی؟"

"کە دەڕۆی، مەگەڕێوە. سەردار شەنگەی هاوڕێم لە باڵوێزخانەی ئوردەنە و چاوەڕێت دەکات. لە باڵوێزخانەکە و نێو حکومەت، خەڵک دەناسێ و هەموو شتێکی بۆ ڕێکخستووی، بۆ چوونە دەرەوە."

وام بە عەونی کنێری برام گوت. دوای ئەوەی لە ئۆتۆمۆبێلەکەم دابەزی. هەستکردن بە شانازی بوو کە بینیم براکەم لە پێناو خوادا پیرۆزترین ئەرک جێ بە جێ دەکات. ڕاستە ئێمە سەر بە گروپە ئیسلامییەکان نین، بەڵام لە زۆر باردا هاوڕا و هاوسۆزین لەگەڵیاندا، بەڵام کەس ئێمەی ڕانەسپاردووە بۆ ئەم کارە. ئەمە ئەرکێکە دەبێ هەموو ئیمانداران لە هەرکاتێدا پێویستی کرد، ئامادەبن، کە مەلا برایمش فەتوای کوشتنی داوە، باشتر!

# یادەوەری

لە بەر هەیوان چاوەروانم دەکرد، لە دەرگە نیمچە کراوەکە، کە رێوییەکی وشککراوەی پێدا هەڵواسرابوو، ڕاما بووم، ئاواز لە تاو باران، بەپەلە خۆی کرد بە حەوشەدا، کە منی بینی، وام هەستکرد زۆر ئاساییە، بەرەو لای من هەنگاوی نا، لێم نزیک کەوتەوە و زەردەخەنەیەکی کرد و بەیەکەوە چووینە ژوورەوە. هەردووکمان بە تەنیا لە بەردەم پەنجەرە دانیشتین، چای و میوە و شیرینی زۆرمان لەلا بوو، شەرمنانە سەیری یەکتریمان کرد و هیچ قسەیەکمان نەکرد. داوای درهەمێکم لێکرد و لێم وەرگرت. درهەمەکەم خستە سەر نینۆکی پەنجە گەورەم و بەرەو ئاسمانم هەڵمدا. هەردووکمان سەیری درهەمەکەمان کرد کە بەرزبووەوە و لە هاتنەخوارەوەیش لە ئاست چاومان، سەیری چاوی یەکترمان کرد.

گەمەی مەیموونەکانمان دەکرد، مەیموون هەر شتێکت لە دەست بێ، پەلاماری دەدا و دەیبا، بێ ئەوەی بزانێ هەر لە بنچینەوە خواردنەکە بۆ ئەو هاتووە. ئێمەیش وەها بە دزییەوە پەلاماری چاوی یەکتریمان دەدا، نیگامان دەکرد.

لەوکاتەوەی یەکتریمان ناسیبوو، وەها سەیری یەکتریمان نەکردبوو. چەند ڕۆژێک بوو هەستم دەکرد لێم دەترسێ، ماوەیەک خۆم ون کرد،

کە گەرامەوە ئاسایی بوو، دوای ماوەیەکی تر، دیسان هەستم کرد، لێم دەترسێ، دیسان ماوەیەک خۆم ون کرد. کە گەرامەوە، ئاسایی بوو... من پێم وابوو دەبێ مرۆڤ بە ئاسایی ئەوی بەرامبەری خۆشبوێ، سادە و سروشتی، بەڵام پێم وابێ پێچەوانەی کەوتبووەوە و من نائاسایی دەرکەوتبووم. ئیتر هەوڵمدا نائاسایی بم، دوای ماوەیەک بینیم گاڵتەم پێ دەکات و پێم پێ دەکەنێ. ماوەیەک خۆم ون کرد، کە گەرامەوە، هەستم کرد ئاساییە. دوای ماوەیەکی تر، گاڵتەی پێ دەکردم و پێم پێ دەکەنی، ماوەیەک خۆم ون کرد، کە گەرامەوە هەستم کرد ئاساییە...

گوتی، دەڕۆم و هەنووکە دەگەرێمەوە. تا گەرایەوە، درهەمەکە، کە پێشتر لێم وەرگرتبوو، هەڵمگرت و خستمە گیرفانمەوە. دەستی لە بن چەناگەی نابوو و سەیری دەرەوەی دەکرد. دەستم درێژکرد و پەنجەم لێی دا زۆر سارد بوو، بۆ دەمم برد و گەراندمەوە شوێنی خۆی. بن پیاڵەکە خەتی شین و سپی پێوەبوو... گوڵەکان، گەرەکی گوڵەکان، خەڵکی گەڕەک خۆیان ئەم ناوەیان لێناوە. حەوشەی ماڵەکان پڕە لە گوڵی جۆراوجۆر. تۆبڵێی ئەگەر لافاو دروست بێ، بەدرێژایی ئەم شەقامە چی رووبدا، چی بەسەر گوڵەکان دێ؟

"ئەرێ ئێمە خەریکی چین؟"

"نازانم."

"دوو ڕۆژە بیر دەکەمەوە، چی بڵێم و چی نەڵێم، تەواو خۆم پڕ چەک کرد، بەڵام ئێستا نامەوێ هیچ بڵێم."

"بەڵام من ئێستایش وا بیری لێدەکەمەوە..."

"بیر لەچی دەکەیەوە؟"

"چی بڵێم و چی نەڵێم!"

# وڕێنە

لە گەڕانەوەدا بە ژێر باراندا، لەنێو کوچە و کۆڵان و شەقامەکان، ڕامان کرد. ڕامانکرد و خەڵک سەیریان کردین. سەیریانکردین و پڕ بە گەروومان هاوارمان کرد و پاشان پێکەنین. ئێمە هەستمان بەهیچ نەکردبوو، بیرمان لە هیچ نەکردبووەوە، لە بیرمان چووبوو چەترەکەیش هەڵکەین، دووجار بە شوێنێ دا چووبووین. چۆن زانیم کە دووجار بە شوینێ دا ڕۆیشتووین؟ دوای ئەوەی چوومەتەوەماڵەوە، پاش نانی ئێوارە، ئەگەر بە فێڵی بردنی قاپێک کفتەی بەرویش، بۆ ماڵی نێرگز، ئەویش پێش ئەوەی سڵاوم، وەڵامبداتەوە، پێمی گوتبێ منی لەگەڵ کورێکا بینوە و تەنانەت ئاگادار بووە کە دووجاریش بە هەمان شوێندا هاتووین. تا ئەو کاتەی من ویستم برۆم، هەر دەستمان لەنێو دەستی یەکتر بوو و هەستمان پێی نەکردبوو. هەموو پێ و پلمان گووا و کوترا . جا ڕاوەستاین. هەرگیز جێی باوەرکردن نەبوو، چۆن دەستم خستبووە نێو دەستییەوە، دەستی ئەم وەک جانتاکەم توند توند گرتبوو، بەڵام ئەی کوا جانتاکەم؟ هەرچەندمان کرد و کۆشاین، نەماندۆزییەوە. ئەگەر بۆ دڵنیابوونەوە دیسان بگەرێمەوە لای و لێی بپرسم؛ ئایا کە منی بینی، جانتام لەلا بووە یان نا؟ بەڵام کە دەزانم لە ماڵەوە نییە و ڕۆیشتووە، ئینجا پەیتا پەیتا بەئاگا هاتمەوە؛

عەبدوڵڵا جانتاکەی بردووم. ئای لەو زیت و زۆڵە، بە لێزانی و دەستوبرد، جانتاکەی خستووەتە نێو پاڵتۆ بەرین و فراوانەکەی.

# کوشتن

وەی شێرە... ئەوە چ کارەساتێکە بەسەر من دێ، چۆن بروا بکەم عەبدوڵڵا بەعسی بووە، لەگەڵ کەسیش نا، لەگەڵ نەسرەت دەستی تێکەڵ کردووە. دەڵێی شەریفە دوبەیە*. دوای ئەوەی گەرامەوە ماڵەکەم، چوومە سەر جێگەی خەوتن و تێر گریام. بیرم لە رابردووی خۆم کردەوە، چۆن ژیانم بووە قوربانی کەسێک کە شایستە نەبوو، ئەو هەموو شتێکی درۆ بووە لەگەڵم، تەنانەت خۆشەویستییەکەشی!

یەک بە یەکی دیمەنەکانی عەبدوڵڵام دەهاتەوە بەرچاو؛

لە قوتابخانە دەگەڕێمەوە و ئەویش بەدوامدا دێ.

پێڵاوێکی نوێی لە پێیە دەدرەوشێتەوە وەک چاوەکانی.

لەژێر باراندایە و دوای هەفتەیەک ونبوون تازە گەراوەتەوە. من لە خۆشیان جنێو بە هاورێکانم دەدەم، لەگەڵ هەر هەنگاوێک ئاور بۆ ئەو، بۆ دواوەی خۆم دەدەمەوە، نەکا دیسان بروا و ون بێ. من بە پەتی نیگام، ئەوم بە خۆم بەستوەتەوە.

قژی تراش کردووە، پیاو کە قژی تراش دەکات، چەند ناشیرینە. توخوا وانییە؟

بۆ سەدەمینجار دیسان هەر سەیرم دەکات و هیچ ناڵێ و هیچ جووڵەیەکیش ناکات.

لە دوورەوە دەیبینم ڕاوەستاوە، چەند سەد مەتر دەبێ ئەم شەقامە، بە کانیی هاوڕێم دەڵێم، تا لای ئەو چەند مەتر دەبێ؟ ڕەنگە پێنجسەد مەتر تا لای عەبدوڵڵا. ئەم وەک ڕۆژان تەنیا تەماشام دەکات و هیچ جوولەیەکی لێ نابینم، ئەم تەنیا تەماشام دەکات و دەمترسێنێ.
هاتمە دەرەوە و ڕامکرد. تا توانیم ڕامکرد، ماڵ و کۆڵان و شەقامم جێهەێشت. ڕاکردن لەژێر بەفر، ڕامکرد تا خۆشەویستی جێبهێڵم و ڕزگارم بێ! تا بە خۆم زانی، لە سەرمانا چۆقەی ددانەکانم دەهات. ئەگەر لە قوتابخانە بووبم لە هەرزەکاریدا، لە ڕۆژێکی ساردا ڕادەکەم و تا دەگەمە دوکانەکەی دادە مەنیجی کێکفرۆش، گەرووم نوساوە! یەک دوو هەنگاوەڕێ بوو، بەڵام چونکە من کەوتبوومە سەر کەڵکەڵەی ڕاکردن، هێندە ڕامکرد، لە پەل و پێ کەوتم.
"دیسان چبووە؟"
"ئەتوو چ دیینەکی؟"
"داک و بابم بوسرمان بوون."
"ئەدی ئەتوو؟"
"دیینی من؛ مێردەکەم بوو! ئەمن لەسەر دیینی ئەو بووم."
"مێردەکەت چی لێهات؟"
"سارەکە لێک جوایەز بووینەوە. ئەمن بەڕێی خۆم و ئەم دووکانەم دانا، ئەویش بەڕێی خۆی؛ هەموو ڕۆژەک دەیبینم دێتە دەزگەی میللەر (ئاماژەی بۆ دووکانێکی ژێر قەڵات کرد. ڕێک بەرامبەر کۆڵانی بەلوعە بوو. بەر لەوەی بچیتە کۆڵانەکەوە، بە دەستە چەپ، دووکانەکەی دادە مەنیج بوو!) و لەودیو جامەکەوە دادەنیشێ و چاودێریم دەکات! تا لەگەڕ ئەو بووم نەمدەتانی پەچەم فڕێ بدەم، بە پەچەشەوە لۆ هەموو

جێیەک مندارەکی لەگەر دەناردم، ئەو زیاتر متمانەی بە مندارەکە هەبوو، تا من!"

...

بەپێی رابردووی بارام تۆفیق بەگ بێ، ڕاست دەکات و درۆم لێی نەبیستووە. ئەو هەر شتێکی گوتبێ، ئەگەر بە زیانی خۆیشی شکابێتەوە، گوتویەتی. هەر تەنیا ڕاستگۆیەکەشیم خۆشدەوێ! شەو، تا درەنگ لەسەر جێگە دەستی لەنێو قژم بوو، گەمەی پێ دەکرد و قسەی بۆ دەکردم، هەر وەکوو چۆن گەمە بە مەمکەکانم دەکات. پێی گوتم، نەک بەعس دەستی نییە، لە کوشتنی عەبدوڵڵا، بەڵکو زانیاری هەیە کە هەر بەعسیش بووبێ و ژێربەژێر پێوەندی هەبووبێ لەگەڵ نەسرەت سابوونچی! بۆ ڕاستی قسەکانی وی چوومەماڵی ڕەوشەنی کۆنە هاورێم، ژنی نەسرەت سابوونچی سەرکردە لە فەیلەقی پێنج. من لە بێ ئومێدیدا چووم، ئەگەرنا، هەر سەرەتا پێم وابوو ئەوان هیچ نازانن، دەمێک بوو ڕەوشەنم نەدیبوو، جوانتر بووبوو لە جاران. پرچی نگرۆ کردبوو. ئەرێ بەڕاست تۆ بڵێی ئێستایش ئارێشگەی مابێ؟ تۆزێکیش لاواز بووبوو. ئەو ڕۆژانەی نەسرەتی حۆشدەویست لەگەرەکی ئێمە دەژیا، بەلایەوە ئاسایی بوو، نەسرەت بەعسی بوو، دەیگوت، خراپەی هیچ کەسی نییە، من ئەو پیاوەبەعسییەم خۆشدەوێ! ئەو خووەی زۆر جوان ئەگەر شتێکی بەدڵ نەبوایە، خۆی شتێکی تری جیاوازی دادەهێنا، ئەو فەرهەنگێکی جیاوازی هەبوو.

لە ئانوساتی ئەوەدا بووم قسە و باس بێنمە گۆرێ، وێنەی عەبدوڵڵا و نەسرەتم بینی بەیەکەوە، بەدیوارەوە هەڵواسرابوو...

---

*هونەرمەندی ئیتاڵیایی، Bud Spencer.

# وڕێنە

بۆ بەیانی چوومەوە لای عەبدوڵڵا گوڵناز، گوتی، وامدەزانی ئیتر ناتبینمەوە.

گوتم، ئەوە بۆیە خۆت نەگۆڕیوە، هێشتا پێڵاوکەت و پانتۆڵەکەت هەر بەقور و چڵپاون. لە بیرم نەچووە، کوا جانتاکەم؟

گوتی، جانتا...؟! ئەوەتا. باوەرم نەدەکرد، بۆ جانتایەک بێیتەوە لام. حەز دەکەی گەمەیەکی خۆش بکەین؟

گوتم، دەی... بزانم چییە؟

گوتی، ئۆتۆمۆبێلێک دەرفێنین و گەرانێکی خۆش دەکەین بە نێو شاردا.

بەخێرایی لەلا کۆلانێک سواری ئۆتۆمۆبێلێکی مۆسکۆڤیس (کچە رووسی)، بووین و ڕۆیشتین.

گوتم، با لە ڕێگە بوەستین و وێنە بگرین.

لە شەقامی سوڵتان موزەفەر، لەکن وێنەگری ئەربیلانۆ، ڕامانگرت. عەبدوڵڵا چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاو بوو، گوتم، توخوا لایبە زۆر ناشیرینە! ئەمیش وای کرد. وێنەگرەکە گوتی، ئێوە هاوڕێنی یەکترن؟ گوتمان، بەڵێ و زۆریش پێکەنین! ئینجا گوتی، جوان ڕاوەستن، دەستتان بۆخوارەوە، ددانتان دیار نەبێ، ئا بێزەحمەت تۆزێ

زەردەخەنەیش ... کە کابرا خەریکی وێنەگرتن بوو، عەبدوڵڵا کوڵمی ماچ کردم، کابرا بە لالووتی سەیری کردین و گوتی تەواو بوو. خۆی لە قوژبنێک نا و هەر لێنەگەڕا بزانین چی دەکات، ئەوە پێی دەڵێن، نهێنی کار.

عەبدوڵڵا گوتی، بەسە؟

گوتم، نەخێر. دەمەوێ هێشتا برۆین، برۆین بۆ شوێنێکی دوور، زۆر دوور.

گوتی، شەویش لەوێ بین؟

گوتم، هەرگیز ناگەڕێینەوە.

گوتی، ئاخر کچێ بە بیست منداڵ دەتگەڕێنمەوەماڵەوە هاهاها.

بە چواردەوری منارەی چۆلی سوراینەوە. چووین بۆ ڕێست هاوسی وێستگەی شەمەندەفەر، هەر لە دەرەوە دانیشتین، سیفۆمان خواردەوە، جگەرەمان کێشا... لە گەرانەوەدا لەسەر پردە دێرینەکەی تەعجیل، هاتینە خوارێ و سەیری رووبارمان کرد، رووباری بێناو! زۆر دلڕاقانە شاری کردووە بە دوو بە شەوە. هەندێجار واهەست دەکەی ئەم دوو بەشە لە یەکتر دابراون، هەر شوێنێکی ئەم شارە بووە بە دوو بەشەوە، هەموو پشت لەیەک و لەیەکتر تۆراو! وەک ژنوپیاوێکی لەیەکتر جیابووەوە. ژنوپیاوێ کە هیچیان منداڵەکانیان ناوێ! لە ڕاستیدا، هێلێنا هەزەبانی، کە بەدرێژایی مێژووی شارەکە پەیکەرێکی فەرامۆشکراویشە، بەڵام تێکرای شارەکەی لە باوەش گرتووە. رووبار؛ پڕ لە بەلەم بوو. دەوروبەریشی پڕ لە هەرا و زەنای خەڵک بوو. پڕ لە ماسیگر، رووبار لە شیعرێکی درێژی کلاسیکی دەکرد، ژنەکانیش وەک وشەی" گوڵ"ی نێو شیعرەکە دەهاتنە بەرچاوم. ژن و پیاوێکی

قژزەردم لەنێو بەلەمێکەوە، بینین، وامزانی گەشتیاری بیانین، عەبدوڵڵا گوتی، ئەوان دراوسێمانن لە سەرا، دەمێکە نیشتەجێی ئێرەن.

ئەربیل، شاری مرۆڤە تەنیا و پەراوێزخراوەکان، هیچ شتێک خەڵکی ئەم شارە کۆناکاتەوە، مەگەر گۆرستان. هەمیشە ئەوانەی لە دوورەوە دێن بە هەڵە دەچن و لایان وایە ئێرە شاری (بەیەکەوە!)ژیانکردنە. لە دوایین هەوڵدا کۆمەڵە شاعیرێک هەوڵیاندا ناوێک بۆ کۆمەڵەیەکی ئەدەبی دروست بکەن، کۆمەڵەکەیان دابنێن و بۆ یەکەمجار ئەو بەیەکەوە بوونە بسەلمێنن. بەڵام دوای چەندین کۆبوونەوە، کۆبوونەوە دوای کۆبوونەوە... ڕێکنەکەوتن. بەڵام بێئاگا لەوەی لەدەرەوەی کۆبوونەوەکە، لەنێو خوێندەواران، ناویان بۆ گروپەکە دانرابوو! ت. س. پەلکانەی شاعیر، بەدەم خواردنەوەی جنی سەر بە شەپقە، گێرابوویەوە: هەر جارێک کۆبوونەوەیەکمان کردبا، بریارمان دەدا، جارێکی تر کە کۆبووینەوە، بریارێکی باشتر بدەین...

# یادەوەری

من عەبدوڵڵا گوڵنازم، ژیانی ڕاستەقینەی من لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە ئاوازم تێدا ناسی. ئەو ژیانە ڕاستەقینەیە، هەر ئەو ڕۆژانە نەبوون کە ئەمم دەبینی و بە ئاماژە و جوولەی جیاواز خۆشەویستیم لەگەڵ دەکرد و نەمدەتوانی لێی نزیک ببمەوە، بەڵکو ژیانی ڕاستەقینە، ئەو ڕۆژانەشە کە ئەمیش ڕۆیشت. کە ئیدی نەمدەبینی و چاوەنۆڕی و هومێدیش لە وشەی ڕەقوڕووتی نێو فەرهەنگ چیتر نەبوون. ئایا بەڕاست جیاوازییەکە چییە کاتێ ئەم بە بەردەمم دا دەرۆیشت و نەمدەتوانی قسەی لەگەڵ بکەم و ئێستایش کە بۆ تا هەتایە بەلامدا ناڕوات؟ ئەم لێرەیە، یان نا، من هەر دەیبینم. ئا ئەمەیە وادەکات هەمیشە بگەڕێمەوە ئێروکانە؟

چەندین ڕۆژ لە چاوەڕوانی دا بووم و نەهات. خانووەکەیشیان چۆڵ و هۆڵ بووبوو. کەس نازانێ بۆ کوێ چوون. هەر زوو بیرم بۆ ئەوە چوو کە خۆم بە دوای دا بگەڕێم، جارێ دەمگوت دەبم بە جابیی نێو پاس و جارێکیش دەمگوت دەبم بە بەزاز... بایسکیلێکم کری و ڕۆژانە بە نێو شاردا دەگەرام. چەند مانگێ بوو لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان، لەم شەقام بۆ ئەویتریان. ئەم خانووەش وەکوو خانووەکەی ماڵی ئاوازە، کە تێیدا دەژیان، دارپرتەقاڵیان لە حەوشەیە. ها لێرەیە ها لەوێیە.

ئەم گەڕەکە نا ئەویتریان. ڕەنگە ئەگەر زووتر هاتبام بۆ شەقامە بەختی ئەوەم هەبوایە بیبینم. تۆزێ پەلەتر دەڕۆم بەشکوم پێی بگەمەوە. بە هەر لایەک دا بڕۆم دڵم بۆ شوێنێکی تر لێدەدا، بەڵام هەستێکی چەند خۆشە کە بەر لە من ئاوازیش بیرۆکانەدا ڕەت بووە. گەران بە دوای ئاوازدا بێسەروبەرە و شڕ و شپرێو نەبوو، هەر ڕۆژێک و بۆ گەڕەکێک بوو، بەڵام دیسان دەبوایە بگەڕێمەوە هەندێ گەڕەک و شارێ. بۆ دڵنیابوونەوەی زیاتر و بەڵام هەمیشەش دەگەڕامەوەی لای ماڵە کۆنەکەیان. هێشتا گومانی ئەوەم هەبوو لەو ماڵە مابن و من نەیانبینم. جاری وا هەبوو لە دەرگەیانم دەدا و ڕامدەکرد و لە سوچێک خۆم دەشاردەوە. چاوەڕوان بووم دەرگە بکرێتەوە، بەڵام وەکوو هەر جارێکی تر کەس دەرگەکەی نەدەکردەوە. لەو کاتەی ئەم خانووە بەتاڵ بووە، هیچ کەسێکی تێدا ناژی، بەڵام من بەردەوام دەگەڕامەوە کن ئەم خانووە جوانە. ئینجا دەچوومە سەر دیواری خانووەکە و سەیری حەوشەم دەکرد. ئەم گوڵە وشکبووانەی نێو ئینجانەکان، شوێنەواری بەجێماوی شارستانییەتێکن بەنێوی خۆشەویستی! یەکەمجار لێرە گەمەی کردووە، بە تەپاشیر وێنەی بوکەڵەیەکی کێشاوە، هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەستاوە، گوتویەتی بوکەڵەکە چۆنی؟ نانت خواردووە؟ بچین پێکەوە وازی بکەین؟ بۆ شەوی پاشتر کە سینەمای گەڕۆک دووبارە گەراوەتەوە، میکی ماوس سەرنجی ڕادەکێشێ، گوتوویەتی دایێ لەمەودوا پێمبڵێ میکی ماوس! باشە؟

سەرکەوتم و سەربان بە سەربان، ڕۆیشتم. گومبەت و منارە و درەخت و کلێسام جێهێشت. لە گەرماو و حەسار و تەکیە و خانەقام ون بووم. وەک نەخۆشییەکی کوشندە بەنێو شارەکەدا بڵاوبوومەوە! هەڵبەز و

دابەزم کرد و نەگەیشتمە ئاسمان، پێیەک لە زەوی و دە پێ لە ئاسمان، چاوێک لە تاریکایی و سەد چاو لە رووناکایی!

...

ڕۆژێ بۆ یەکەمجار لە تەنەکەی زبڵەکەیان ڕامام، سەرەتا نەمتوانی زۆر لێی نزیک ببمەوە، دوای تاوێ؛ ئینسان چۆن بۆ کەسێکی ئازیزی باوەش دەکاتەوە، وەها باوەشم کردەوە، هێدی هێدی لووتم نزیککردەوە لەو پارچە پەڕۆیانەی نێو تەنەکەکە، تێر بۆنم کردن، پارچەیەکی درێژم ڕاکێشا و گوڵگوڵی سووری لەسەر نەخشێنرا بوو. دەبێ ژنانی هەموو دنیا وەکوو ژنانی شارەکەی من، هێندە حەز بە گوڵ بکەن؛ ناوی گوڵوگوڵزاریان لێ دەنرێ، کولیچە و کێک لە شێوەی گوڵ دروست دەکەن، بە گوڵی نایلۆن ماڵ جوان دەکەن، جلوبەرگیان پڕ لە گوڵە، حەوشە پر دەکەن لە گوڵ، لە پێش گوڵێکەوە وێنە دەگرن، بە هەموو بۆنێک بڵێن گوڵاو، کەچی داواش لە پیاوەکان دەکەن گوڵیان بۆ بینەوە ماڵ.

پەڕۆی دوو مەتر درێژم لە ملم ئاڵاند، هەستم بە حەسانەوەیەک کرد، چ بەختەوەرییەکە! ئەو تەنەکەیەش وەک هەموو تەنەکانی تر پڕ بوو لە یاپراخ، سەرم بردە نێو تەنەکەکە و بۆنم کرد، دەرمهێنا، بە پەنجەی گەورە پەرتم کرد بە چواردەوری خۆمدا. دوا شت قوتوویەکی خڕی پڕ لە شیرینی لە نێو تەنەکەکەدا بوو، دەمم بردە نێو قوتووەکە و زمانم پێدا هێنا، شیرینی بوو، هەستم کرد ئەوە یەکەم جارە ئەم شیرینە دەخۆم، پارچەیەکم لوولکرد بۆ نێو دەمم. سەرم خستە نێو تەنەکەکە، تا بە تەواوی ون بوو...

# وێنە

دانی پێدا دەنێم؛ من بووم مامۆستام بە کوشت دا. من بووم هەموو شتێکم لای بەعس ئاشکرا کرد. دوای چەندین ساڵ چاوەڕوانیکردن، من بووم من ئەوم بەدەستەوە دا. من بووم دەمویست هەموو شتەکانی ئەو، هی من بێ؛ ماڵەکەی، خۆشییەکانی، ژنەکەی (مەبەستم ئاوازە. ئاخر لە سەر جێگەش، وا هەست دەکات لەگەڵ ئاواز خەوتووە، نەک ساکینە). یادەوەرییەکانیشم دەوێ، بۆنا، هەموو شتێکیم دەوێ. لە ڕاستیدا من هەوڵمداوە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان، یادەوەریی بۆ خۆم دابهێنم؟ منیش وەکوو هەزاران کەسی تر بەدیار یارییەکەوە دانیشتبووم، کاتێ بینیم، سەرکار عەلی خان سێیەمین گۆڵی تۆمارکرد. یاریزانەکانی تریش وەکوو ئەو هەزاران کەسەی تر، تەنیا سەیریان دەکرد. هەر سەرکار گۆڵ دەکات و هەر ئەویش خەڵات دەکرێ .ئەوەی یادەوەریی هەیە، سەرکارە، نەک کەسێکی تر. منیش کە خراپترین فۆتۆگرافەرم! ئەگەریش هەموو شتەکانی ئەو هی من بن، ترسم هەبوو تەنانەت بە خەیاڵیش چارەنووسی من وەکوو هی ئەو بێ. ماندووم دیسان هێندەی بێم و برۆم، ئەمە سێیەم بیرەیە دەخۆمەوە، سێ بیرە، زۆر باشە، زۆر. من دەزانم ئەوە خواردنەوەیە وادەکات، بیربکەیتەوە، بیر لە حاڵی خۆت بکەیتەوە، نەک کتێب. من بەر لە خواردنەوە، تەنیا مانگایەک بووم. ئەمە ڕێکلامکردن نییە بۆ خواردنەوەی بیرە، یان هیچ جۆرە خواردنەوەیەکی تر. من هێشتا وێنەی قوتوویەک بیرە، یان قاپێ عەرەقم نەگرتووە. بە گونجاویشی نازانم لە ماڵی یادەوەریی وێنەیان هەڵواسم. هیچ هونەر و جوانییەکی

تێدا نابینم، بەڵام قەنەفە بۆر وەک شوێنی یەکەم یادەوەرییم، کە ئاسوودەیی، هێز، بەخشندەیی، پیاوبوون، دەبەخشێ. لەهەمانکاتدا خەوێکی قووڵیش بەرچاوم تاریک دەکات. بە شایستەی دەبینم. دەستی پێدادێنم و دەست لە شوێن دانیشتنەکەم دەدەم، گەرم گەرمە، بەڵام چارەنووسی من وەک هی ئەو نابێ، وانییە قەنەفە بۆر؟ لە پەڵە سپییەکان وردەبمەوە، هەر یەکێکیان نەخشەیەکی جوانیان کێشاوە، هی ئەو جیهانەیە، من خۆم، بۆ خۆمی بنیاد دەنێم، جیهانێک کە هی رابردووە، نەک داهاتوو.

دوای ئەوەی چوومە مەیخانە چکۆڵەکەی گەڕەکی مستەوفی، دوای خواردنەوەی سێ دانە فەریدە، یەکێ هاتە بناگوێمەوە و گوتی، جێی قبوڵکردن نییە تۆ وێنەی ژنی ڕووت دەگریت! گەرامەوە ماڵی یادەوەرییم، ئاواز هاتە کنم، داوای لێ کردم چەند وێنەیەکی تایبەتیی بگرم، هەندێ وێنەی نێو گۆڤارەکانی پێ پیشاندام و گوتی، دەمەوێ ئاوا بێ و ئاوا نەبێ، بەڵام کە گوتی، قاپییەکە* دابخە، هەوەسم هەستا و کە گوتیشی با هەندێ لە وێنەکان بە نیمچە ڕووتییەوە بێ، هەرامەکەم لەناوەوەڕا دەنووکی لە پانتۆڵەکەم دەدا، نەخێر ئەوە دەنووکلێدان نەبوو، نووکە شاپ بوو . کە پەیتا پەیتا بە بەخۆوەنازین و لە خۆباییبوونەوە، ڕان و سنگی تەڕ و تازە و دڵاوای ڕووت دەکردنەوە، ژنە بەم تەمەنە چۆن وا مابووەوە؟ لەسەر قەنەفە بۆر، تاوێ دادەنیشت، تاوێ درێژ دەبوو، دواجار ئەگەر باش بیرم بێ، هەر دوو قاچی بەرەو رووی من، فش کردبوونەوە، لەپڕێکا کارەبا کوژایەوە... هەنگاوی ورد و بەکاوەخۆ، پاش قەیرێ فزە لە خۆبڕین، هەرامەکەم کە ڕەپ و ڕەق بووبوو، زنجیری پانتۆڵەکەم کردەوە، هەر بە ئاستەم سەری دەرهێنا و دیار بوو دەستی دەهێنا و دەبرد،

وەکئەوەی تاریکایی پەردەیەک بێ و بیەوێ لایبات! زۆری نابرد، هەرامەکەم کەوتە نێو دەستی ئاوازەوە...

*

بە زمانی تورکی، Kapi.

# وێنەی زۆرانبازی

کاتێ مەریەم، یان وەک ناسراوە بە باجی مەریەم، بینی ئێواران جامباز، کەوباز، باخچەچی و دەباغەکان، کەڵەبابەکان بە شەڕ دێنن، ڕەپ و ڕاست، بانگی دوو لەو کەسانەی کرد، کە وەکوو ڕێبوار و فرۆشیار روویان لە خانەکەی کردووە، کاتێ لە سەرەوە یەکێ پرسی، پێویستت بە چەند پیاوە؟ گوتی، دوو پیاو، دووانی بەهێز. بۆ ئێوارەکەی، لەسەر ڕاسپاردەی، باجی مەریەم، دوو پیاو، دەستیان کرد، بە زۆرانبازی. سەرەتا خۆی بانگی دەکردن و نەختێ پارەی دادەنا، کامەیان بباتەوە، بیدا بە ویان. زۆری نەبرد، کە بۆ بردنەوەی پارە، پۆڵ پۆڵ لە گەنجان، روویان لە خانەکە دەکرد. تا وای لێهات، خەڵک لە شوێنی زۆر دوورەوە دەهاتن بۆ خانەکە. دەمانچەی (براونینگ مۆدێل ١٩٠٠)ی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و دەیتەقاند، یاری دەستی پێدەکرد. ئەگەر خەڵکانێک ویستبوایان یاریەکە تێک بدەن و فەرتەنە بنێنەوە، هەمدیسان تەقەی دەکرد. ئەو وێنەیەی لەبەر دەستمایە هەر دەڵێی بە تایبەت بۆ من وێنەی گرتووە، هیندە کەشخەیە و جوان تەماشای کامێراکەی کردووە. ئێواران بە عزیەیەکی سپییەوە، وەکئەوەی پەتپەتی و چەرمەسەرییەکی زۆری بەسەر هاتبێ، خەم و ماخۆلانە، قووم قووم جگەرەی کێشاوە. جاروباریش دەستی

کردووە بە قاقا و قریوە و حیلکەحیلکی خەنین. ئایا باجی مەریەم بەختەوەر بووە، یان نا؟ دوو ئەگەر هەیە:

ئەگەری یەکەم: باجی مەریەم، هاوژینەکەی کوژراوە و کەسیش نەیزانیوە کێ کوشتویەتی. ئەو یاریی زۆرانبازییەی کە لە خانەکەیدا هێناویەتە کایەوە، بۆ ئەوەیە تا هیچ نەبێ، بکوژی مێردەکەی، لەبەر چاوی خۆی ببینێ کە چۆن دەدەدۆڕێت و تێلاتڕێن دەکرێت. ئەوە بۆیە هەوڵیداوە یارییەکە زیاتر بەرەو توندوتیژی و خوێناویتر ببات؟ ئایا بکوژی مێردەکەی دێتە ئەوێ و یارییەکە دەکات و دەشدۆڕێت؟

ئەگەری دووەم: باجی مەریەم، هاوژینی نییە و ئەگەر هەشیبێ لە سەفەرێکدایە، یان بە ڕووداوێکی ئاسایی گیانی سپاردووە.

# وڕێنە

دوای مانگێک لە یەکەم یەکتربینینمان، هاوسەرگیریمان کرد، ماڵێکی جوانمان لە بیرێژیان چێ کرد. خانووەکەمان لە ژێر دار هەنجیردا بوو، لە باخ و حەوشەکانی شار، هەنار و مێو و زەیتون و هەنجیر بە پلەی یەکەم دێن لە ڕواندن. باخەکەم جگەلە گوڵوگوڵزار پڕمکردبوو لە بامیە و باینجان و تەماتە و نەعناع و ... خانووەکە بارام تۆفیق بەگی هاوڕێی دێرینی عەبدوڵڵا بۆی دۆزینەوە، دەعەوتمان کرد و زۆریش سوپاسمان کرد. هەست بە ئارمی و چێژێکی زۆر دەکەین، هەرچۆن بێ گوزەرانی خۆمان دەکەین، دوای دەوام عەبدوڵڵا دەچێتە دووکانەکەی باوکی و تا ئێوارە، کە نزیک دەبێتەوە لە هاتنەوەی، چاوەڕێی تەپەی پێی دەکەم، تا کۆڵانکوت دەبم، دێم و دەچم. دەرگەی لێدەکەمەوە بە دڵ و کوڵ، دەچمە باوەشییەوە، بۆنی دەکەم و دەست لە هەرچی مووی لەشی هەیە دەدەم و ماچی دەکەم.

هەر بیرو خەیاڵم لای یەکەمین منداڵمانە، ناویشیم بۆی داناوە، زوهێر! پەیوەندیەکانیشمان لەگەڵ دراوسێکانمان هەر تەنیا سڵاوکردنە، بەڵام جارێکیان کۆمەڵێ لەو ژنانەی کۆڵان، ست ئافتاو و ویداد کانەبی و نەسرین خانی شەهید جەمال و پەیمان یەعقووبی بوون. ئافتاو گوتی، ئەگەر بۆ جارێکیش بێ، حەز دەکەین لەگەڵمان بێی بۆ گەرماو.

منیش گوتم، زۆر چاکە، بەڵام سەرەتا دەبێ بچم قژ چاک بکەم. چووینە لای ئارێشگەی لویزە. گوتم، بۆمی کورت بکەوە. ئەویش گوتی، ئێستا مۆدێلی قژی درێژ باوە.

لە گەرماوەکە تێر قسەی خۆشمان کرد و پێکەنین، زۆریش گۆرانیمان گوت و هەڵپەرین، دەتگوت چەندین ساڵە دەیانناسم. ڕۆژهەڵاتناسێ لە دوایین ڕۆژگارەکانی سەدەی نۆزدە تابلۆی ژنەکانی نێو گەرماوی قەلاتێ دەکێشێ و دەیباتەوە ولاتەکەی. زۆر نابا داگیرکاری ئینگلیز دەستی دەگاتە ئەربیل. ئێمە چوزانین هاندەری ئەم داگیرکارییەی ئینگلیز بۆ سەر ئەم شارە بوونی ژنەکان نین؟! ئەوەی زۆریش دڵخۆشی کردم، ناوی گەرماوەکە بوو، ناوی مۆدە گرنگە سادەترین شتە ڕۆژانەییەکانی ژیانیش شیعری بن، مۆدە، یان ئەلمۆدە خۆی بە تەنیا شیعرە. من ئاوا لە شیعر تێگەیشتووم. ڕەنگە شیعر تەنیا جوولەیەک بێ. تۆ جوولەیەک بکە، بەڵکو ببێتە سەما. من سەرەتا لە گۆرگیس وەردە، شاعیرەکەی عەنکاوە، هەستم بە شیعرییەتی شتەکان کرد. کاتێ مەغۆلەکان پەلاماری ئەربیل دەدەن، هەموو شتێکی لە بارەی پەلامار و شەڕ و خۆراگری شارەکەی بە شیعر نووسیوەتەوە... چەند خۆش دەبوو لە سەر پارە وێنەی کێشراوی گۆرگیس هەبوایە؟!
ئای چەند بیری عەنکاوە دەکەم...

# وێنە

ئەگەر ئێوە لێم بپرسن؛ چ بەڵگەیەکم داوە بە حوکومەت لەسەر مامۆستا، کە بیسەلمێنێ دەستی هەبووە لە هێرشکردنە سەر پارێزگار، ئەز وەها وەرامتان دەدەمەوە: سەرەتا بە یارییەکی خۆش دەستی پێکرد، چەند ڕۆژێک پێش دەستپێکردن و لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ چالاکییەکە، بە کۆمەڵ وێنەی هەموو ئەوانەم گرت کە بەشداری هێرشکردنە سەر پارێزگاریان دەکرد. لە ڕێگەی مامۆستاوە خۆم خزاندبووە نێوانیان و متمانەیان پێم کردبوو. بەیانی هەر کە پارێزگار گەیشت، لەڕێی چاپچییەکەوە، نامەیەکی بۆ دەنێردرێ، لە نامەکەدا هاتووە؛ بەیانی باش! ئەو چاپچییەی ئێستا وا ڕێک بەرامبەرت وەستاوە، دەتوانێ ڕاستەوخۆ بتکوژێ و دەربازیشی ببێ، بەهۆی هەندێ کەسی نێو بینای پارێزگاوە، بەڵام ئێمە ئەمەت لەگەڵ ناکەین، نامانەوێ بتکوژین، تەنیا دەمانەوێ هێزی خۆمان پیشانی حوکومەت بدەین. هەڵبەت ئەگەر بەرێزتان حەز بە ئەکشن بکەن! بۆیە ئێستا تۆ، خۆت و پاسەوانەکانت دێنە دەرەوە و برادەرانی ئێمەیش تەقەت لێ دەکەن، یان باشتر بڵێم تەقە بە ئاسمان دا دەکەن و ئەمەیش تەنیا نمایشە و هیچی تر. تۆ هەر هەڵەیەک بکەیت دەکوژرێی، تۆ تەنیا بەپێی پلانەکەی ئێمە دەتوانی گیانی خۆت ڕزگار بکەیت!

دەفتەری یاداشتی ڕۆژانە لەسەر مێزەکەیە، دەفتەر نییە و کتێبێکە بەنێوی (سەرژمێری دانیشتوان ١٩٥٧)، خدر گەلاوێژ ئامادەی کردووە. کورتە تێبینی، بە خەتێکی ناشیرین، لە نێوان ڕستەکان نوسیوە. لە شوێنێک دەیخوێنیتەوە نووسراوە، دواجار توانیم تۆڵەی خۆم لە ملازم بایز بکەمەوە و لەگەڵ ژنەکەی بخەوم! قەت جێی بروا نییە، ئەو ژنە خڕ و خەپان و کەڵەگەتە، هەرامەکەی هێندە بچوک بێ؟! خۆشە ها ئامێرێکی گەورەی وا بە هەموو هێزەوە پاڵ پێوەنێی؟ بە ئامێرێکی وا دەتوانین شاخەکان بە چەکدارەکان چۆلبکەین؟

# یادەوەری

بەڵام دواجار وازم هێنا لە گەڕان بە دوای ئاوازدا، بەڵام وازم لە ئاواز نەهێنا. بڕیاری خۆمدا . ژیانی نوێ؛ خوێندن و پێکهێنانی هاوژیانی. لەگەڵ ساکینە نەسیمزادە ژیان و ماڵ و حاڵی خۆمان پێکهێنا. داپیری ساکینە (لە دایکییەوە)، دوای دامرکانەوەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و بەدیلگرتنی، وەکوو بەشێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئاوارەی ئەم شارە بووە و لێرووکانە ماوەتەوە و بە تەنیایی ژیاوە، تا کۆچی دوایی کردووە. ئەو کورەیشی کە لە دوای جێماوە، لەگەڵ کچێکی شارەکە، هاوسەرگیری دەکەن و ساکینە، تاقە منداڵیانە...

دەبێ بڵێم؛ من کە ساڵانێکی زۆریش لەگەڵ ساکینە ژیاوم، بەڵام لە بارەیەوە زۆر شت نازانم. کەواتە ئەوەی من لە بارەی ساکینەوە دەیزانم، بەسەرچووە. تەنیاییی تورەهاتە و مرۆڤ نابێ پێی ڕازی بێ. من ڕازی نەبووم و گوتم گرنگ نییە کێ دەبێ بە هاوژینم. مرۆڤ کاتێ خۆشەویستەکەی دەدۆڕێنێ، تێکرای ئەوانی تری لەلا دەبێ بە یەک شت، یەک واتا و یەک سیما.

...

دوای کودەتای ١٤ی تەمموز، بەشی زمانی کوردی کرابووەوە، ئەمەش دەسکەوتێکی گرنگ بوو بۆ کورد. لە رووی زانستییەوە پشتیان بە نووسەر و مێژوونووس، یان ئەوانەی بروانامەیان لە زانستە کۆمەلایەتییەکانی وەکوو مێژوو و جوگرافیا هەبوو، دەبەست. ئەمە بۆ من گونجاو بوو و زۆریش حەزم پێی دەکرد، بەلام گوتیان پێویستمان پێت نییە.

مامۆستا عەبدولحەمید عەبدۆک پێشنیاری بۆ کردم بچم ناوی خۆم تۆمار بکەم بۆ تەواوکردنی خوێندن لە رووسیا. ئەمنیش وامکرد. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە و گفتوگۆی رووبەروو، پێنج قوتابی هەڵبژێردران. یەکێکیان من بووم. دوای دە ڕۆژێک، درەنگانی شەو لە فرۆکەخانەیەکی عێراق بەرێکەوتین. هێندەی نەبرد، گوتیان ئەمە ئەربیلە و تێکرای سەرنیشینانی نێو فرۆکە، جگە لە من کە خەڵکی کوردستان بووم، ئەوانیتر عێراقی بوون، سەیری خوارەوەمان کرد. ئەربیل؛ وەکوو ژنێک وابوو، یەک تۆپە قوماشی قەدیفەی ڕەشی لە خۆی ئالاند بێت.

دوای دوو ڕۆژ لە گەیشتنمان بۆ مۆسکۆ چووم بۆ گۆڕەپانی سوور و شەقامی گۆرکی و کرملێن و گەورە بازاڕی ناوەندی شار؛ گووم. کە زۆر پیس و پۆخڵ بوو. مۆسکۆ بە هەموو پێشکەوتنەکانییەوە، بە هەموو سروشتە جوانەکەیەوە، هێندەی شارەکەی خۆم دڵگیر نەبوو، بەلام ساردی خەڵکی مۆسکۆ و ئەربیل زۆر لە یەکتر دەچوون! شاری پڕ لە بەفر و بەستەڵەکم پڕ کردبوو لە گەرمی ئەربیل! ئایا گەرمییەکەی ئەربیل هی نەوتەکەیە؟ یەدەگێکی زۆری نەوت لە ژێر خاکی شارەکەن، زوورگەزراو و خورمەڵە کە بە دوو گەورەترین عەمباری گومبەزی نەوتی

دادەنرێن. نیوە گۆی زەویم لە سەر بەفر دەنەخشاند و سەریم پڕ دەکرد لە خۆڵ، قەڵات نیوەی گۆی زەوییە و شارەکەش نیوەکەیترە!
کۆلێژی زمانی رووسی لە زانستگەی مۆسکۆ، دوای حەوت مانگ لە دەستپێکردنمان، بروانامەی فێربوونی زمانەکەی بەخشی بە قوتابیان و گشتمان تێیدا سەرکەوتووبووین... لە ماوەی ئەم حەوت مانگە بێ هاوڕێ و تەنیا، وەک مەستێک، وەک ئەوەی بۆنی شتێکم کردبێ، وەک ئەوەی شتێکم لێ ون بووبێ و بە دوایدا بگەرێم، بەنێو شارەکەدا دەگەرام. مانگانە پارەیەکی باشیان پێدەدام، بۆیە دەمتوانی بە دڵی خۆم بژیم. توانیم پاسکیلێک بکرم و پیاسەی ئێوارانم فراوانتر بکەم. جارێکیان لە گۆڕەپانی پووشکین، گۆرەپانی نووسەر و شاعیران، گۆڕەپانی تابلۆ و نامە و دەستنووس. تابلۆیەکی کۆن، پۆرترێتی، ئیلیسا بۆناپارتم بینی، شێوەی لە ئاواز دەکرد و دوای گەرانەوەم، لە ژوورەکەم هەڵم واسی.
دوای فێربوونی زمانەکە، مامۆستا یولیا، چەند کۆرسێکی زمانی بۆ کردمەوە، دواتر وەک مامۆستای زمان و ئەدەب لە بەشی کوردناسی وانە بڵێمەوە، بەڵام من بە خواردنەوەی دانە دانە لە پێکە ڤۆدگا، بە بایسکیلەوە بەنێو کۆلان و شەقامەکانی مۆسکۆدا دەگەرێم، ها لێرە ها لەوێ، ئاواز پەیدا دەبێ... هەندێجار لە کافێیەک دادەنیشتم و چاوەروانی ئاوازم دەکرد، هەمیشەیش دوا دەکەوت، منیش هەستیارییەکی زۆرم بە کاتەوە هەیە، دەرۆم. لە رێگە دەمەوێ بگەرێمەوە، ئەی ئەگەر ئاوازیش چووبێ، بەڵام بەردەوام بەرەو پێش دەرۆم... ڕۆیشتنیش ڕزگاربوون بوو لە کەوتنی تەواوەتی!

# وێنە

ئایا قەنەفە بۆر مێینەترین کەلوپەلی ماڵە یادەوەرییەکەمە، بۆیە هاتووم وێنەیم گرتووە و لە جامخانەم داوە؟ نەخێر! یادەوەری ئاوازیشی هەڵگرتووە، بەڵام پێش ئاوازیش من هەر هۆگری بووم. ئەگەرچی ترسناکە، ئێمە لە وێنەی یەکتر دەترسین، کاتێ دەزانین هەموو شتێک لە دەست چووە. یان هەر لە سەرەتاوە هیچ شتێک ڕاستی نەبووە. ئێمە لە تووڵە ڕێیەکانەوە، لە تاریکاییەوە، باشتر دەگەینە یەکتر.

کەسێک کە نەمزانی ناوی چییە و کێیە؟! جەمەدانییەکی لە ملی ئاڵاندبوو، گوتی، لە پاڵ قەنەفە بۆر وێنەی ئۆتۆمبێلەکەی منیش دابنێ . بۆ بەیانییەکەی هاتەوە و وێنەیەکی ئوتومبێلەکەیم گرت، چۆڤرلێتێکی شین و جوان، بەڵام ماندوو. جەمەدانی لەمل گوتی، ئەمە بای دوو پەست ئیشی کردووە.

ئاواز شاگەشکە بوو و گوتی، دڵم کرایەوە بەم دوو وێنەیە...

ئاگادارییەکەم لە چەند شوێنێکی شار هەڵواسی و تێیدا نووسیم:

ئاگادارییەک لە ماڵی یادەوەرییەوە...

خەڵکی خۆشەویستی شارەکەمان، هەر وێنەیەکی کۆنتان لایە، بۆمان بنێرن و ئێمە بەوپەری متمانەوە لای خۆمان دەیانپارێزین و بە ناوی خۆتانەوە نمایشی دەکەین.

شوێن: ماڵی یادەوەری، کورتترین شەقامی شار (ئۆرزدی باک).

هەرجەندە لای خەڵک بە بچوکترین شەقام ناسراوە، بەڵام من بچوکترینم پێ هەڵەیە و کورتترینم پێ ڕاستە. شەقامەکەیش هیچ ناوێکی نییە، لەسەر داوای جەوهەر کورەچیی هاورێم، ناومان نا، شەقامی ١٩٤١، بەیادی باوکی خۆشەویستییەوە کە لەو ساڵەدا هات بۆ ئەم شارە. فەریدە خان لەسەر قەڵاتێڕا وتاری دژی داگیرکەران خوێندوەتەوە، باوکی جەوهەر هێندە دڵخۆش بووە بە بینینی ئەو ژنە، ویستوویەتی هەر بە ڕاکردن بچێ دەستخۆشی لێ بکات، کاتێ چووەتە سەر قەڵات و لە قەرەباڵغییەکە ڕزگاری بووە، خۆی لەتەک فەریدە خان بینیوەتەوە، لە خۆی پرسیوە ئەدی ئێستا چی بکەم؟

کاتێ گەراوەتەوە گوندەکەی، هەر بەپەلە ماڵەکەی تێکناوە و خوداحافیزی کردووە. لە دوماهیدا هەر هەندەی لە پاش خۆی جێهێشتووە؛ لە شار ژنانیش لە بەرزاییەوە قسان دەکەن. دەشتوانن پێدەکەنن! بەڵام لە بەدبەختی وی کە دەگاتە شار، لەلایەن فرۆکەکانی بەریتانیاوە شارەکە بۆردومان دەکرێ.

دوای دوو هەفتە وێنەیەکی زۆرم بۆ نێردرا، کە بۆ من جێی سەرسامی بوو، پێستر پێم وانەبوو، خەڵک هێندە بە تەنگمەوە بێن.

- کچ و کوڕێکی گەنج لە باوەشی یەکتردان، وەک لەسەر وێنەکە نووسراوە ڕۆژانی سەرەتای هاوسەرگیریانە. نووسیویانە ئەم کانتۆرەی دواومان لەسەر دەستوری ئەربیل دروستکراوە. خۆزگە مۆزەیەک هەبوایە تا نمایشی بکەین. ئایا دەتوانی وێنەی کانتۆرەکەمان لە ماڵەکەت هەڵواسی؟
- مام مەغدید و قالۆنچەکەی! لە دواوە نووسیویەتی من مام مەغدیدم، ئێواران بە ئۆتۆمۆبێلە قالۆنچەکەم* بە نێو شاردا دەگەڕێم. منداڵان بەدوامدا دەکەون و هاوار دەکەن: دید دید مام مەغدید، ئەو کچە جوانەت لە کوێ دید! پیتی (ت) لە بنزاری منداڵان بووەتە د! لێرەوە دەمەوێ ڕاییبگەیەنم، ئەو کچەی خەڵکی شار پێی شاگەشکەبوونە، ئەوە کچەکەمە و هیچ پێوەندی بە خۆشەویستییەوە نییە! هیچ لەوە تورەهاتتر نییە، پیاوێکی بە ژن و بە منداڵ، دڵداری لەگەڵ کچە هەرزەکاری بکات...

---

*Volkswagen Beetle

# یادەوەری

لەنێو گەرماو، ڕووت و قووت، هەرامەم ڕەپ لەنێو دەستی پڕ لە کەف، ئایا دەکرێ بە خەیاڵی لێو و مەمک و سمتی ئاواز دەستپەڕ بکەم؟ زۆری بر نەکرد، خاوبوویەوە، چەک بووم لە بەرامبەر ئەو خەیاڵەی پێم دەڵێ گوناه و تاوانە، دەستپەڕکردن لەسەر خۆشەویستەکەت. نێو لەپم هێناوە بارییەک و توند هەرامەم گرت، بۆ پێشەوە، بۆ دواوە. بۆ پێشەوە، بۆ دواوە. هەستم بە ئازارێکی قووڵ کرد. داوێک وەک کۆلارەیەک بە بای رابردوو دەمهێن و دەمبا. داو نییە و دەستی خۆمە. ئەوەی نێو دەستم، برینە، برینێکی بەردەوام، برینێک هەمیشە لەگەڵت دایە، ئەو برینەی لە جێی دڵە، تێدەگەی بۆ ئەوەی بژی، وەک مرۆڤ بژی، دەبێ برینێکی سارێژنەبووت هەبێ! بە خەیاڵی مامۆستای زمانی رووسیم، یولیا، دەستپەڕ دەکەم... ترپە ترپی دڵم نا، هەرامەم، هەناسەبرکێم زیاتر و زیاتر دەکات و قاچی ڕاستم بەرز دەکەمەوە و ڕاگیری دەکەم بە دیوارەوە، هەردوو قاچم گۆشەی نەوەدیان دروستکردووە. ئێستا خۆشترە و باشتر دەخێوێمێ... بۆ ئێوارەکەی، داوەتی یولیا بووم. خەریکی شامپانیا خواردنەوە بووین، یولیا باسی سیبێریای بۆ دەکردم. دەیگوت سیبێریا ژنێکی پیری ساردوسڕە، بەڵام هەرگیز لە ماڵەکەی ناتکاتە دەرەوە. لەنێو ماڵە ساردەکانمان باشتر

فریای یادەوەری دەکەوین. باشتر فریای خێزان دەکەوین. ئەمە وای کردووە سیبێریا تەواو نەریتیی بێ. باسی یەکبەیەکی ئەو پیاوانەی دەکرد کە لەگەیان جووتبووە و رایبواردووە، بەڵام ئەوەی یولیا دەیگێرایەوە، چیرۆک بوو. من وام بیرکردەوە هەموو ژنەکانی نێو چیرۆکەکان هەر خۆی بووبن. ئەگەر خۆی نەبوو بۆچی بە ئاهێکی قوڵەوە دەیگێرایەوە؟ تۆ هەرگیز وات کردووە؟ لەگەڵ دەستپێکردنی پەیوەندیی یەکێ لە پیاوەکان، بەرداخێکی دەخواردەوە، شامپانیا، جیاوازییەکەی لەگەڵ هەر خواردنەوەیەکی تر لەوەدایە، کە مەست دەبی دەتخاتە پێکەنینێکی قووڵەوە. یولا یولا، شامپانیا شامپانیا! گوتی، یولا نا، یولیا، دیسان و بۆ سەدەمینجار هەڵە دەکەیەوە و دەڵێی ببوورە ببوورە! دەڵێم چۆنی عەبدوڵانۆڤ؟ باشم! بێدەنگی! دەڵێم دڵخۆشی لەگەڵ من؟ بەڵێ! تۆ بە جدی لەگەڵ منایت؟ بەڵێ! بێدەنگی و بێدەنگی، بۆ هەمیشە بێدەنگی! بۆچی؟ لەبەرچی؟

...

بۆ بەیانییەکەی بە پاسێکی فۆڵکسواگەنەوە* بۆ گەشتێکی چەند ڕۆژە چووین بۆ ناوچەی کازان، لە نزیک رووباری فۆڵگا، پاسێکی جوان، سوور و سپی، ٢٣ جامی هابوو، ١٦،١٠٧ میل ڕۆیشتبوو، لە بەرازیلەوە گەیشتبوویە ئێمە و ساڵی ١٩٦٠ بەرهەمهاتبوو. دنیا متبوو لە نێوان بەفر و تاریکایی و دارستانە چڕەکەدا، بەڵام لەنێو ئەم پاسە چکۆلەیەدا دنیایەکیتر هەیە خۆی بەدەستەوە نادا، دنیایەک بژاردەی خۆمانە، تۆ قەت توانیوتە دنیای خۆت، بەخۆت هەڵبژێری؟ بژاردەی زۆر هەبوون، هەڵم بژارد، لەنێوان بنکراسەکاندا ئازادی کردم هەڵیانبژێرم و ئەویش لەبەری بکات. لەنێوان ئەم هەموو ڕەنگ و

نەخش و قەبارە جوایەزەدا، سەرسام بووم. لە پەنا کورسیەکەوە دانە دانە جلەکانی فرێ دەدایە ئەمدیو، جێی بروا نییە کە هاتەوە لام، بەرچاوم تاریک داهات، پاشان سوور، بووت و گۆرەوییە درێژەکەی، تا سەرچۆکی لێ دەرچێ، دەنا هەموو گیانی ڕووت بوو. پەنجەی دۆشاومژەم خستە دەمییەوە قەیرێ خەریک بوو دەیمژی و زمانی پێدا دەهێنا. هەرامەکەم دەرهێنا و خستمە دەمییەوە... درەنگانی شەو کە با ئاگا هاتم، چاکووش و داسەکەی سەر ملوانکەکەیم بینی، پچراندم و خستمە نێو جانتاکەمەوە.

تا کاسێتەکەم نەبینی دڵخۆش بووم، لەمن وابوو عەشقێکی نوێ دووبارە ژیانی بەبەردا کردوومەتەوە، هەمیشەیش هەر وایە ناسینی ژنێکی تر سەرەتای ژیانێکی ترە. تۆ چەند جار ژیاوی؟ کاسێتێکی زۆر زۆر بچوک، بەتەواوی لەنێو دەستم ون دەبوو. گوێم لێگرت، دووان قسان دەکەن، بەداخەوە یەکێکیان منم! کاسێتەکەم لە شوێن خۆی دانایەوە و ڕۆیشتم!

---

*Volkswagen bus

# وێنە

من نەبیل کاکیم، بە خراپترین فۆتۆگرافەر ناسراوم! دووجار بەشداری پێشبرکێم کردووە، بە خراپترین فۆفۆگرافەر دەرچووم، چەند جارێکیش ویستوومە پێشانگەی تایبەتی خۆم بکەمەوە، بە قەولی خۆیان لەبەر ئاستنزمی کارەکانم، وێنەکانم ناشێن بۆ پێشانگە، بەڵام چیرۆکی من ئەوە نییە، چیرۆکی من چیرۆکی مرۆڤە. چیرۆکی یەک بە یەکی ئەوانەیە کە وێنەم گرتوون، ئەو چیرۆکانەی لەسەرەتاوە وا تێی دەگەین، کە چیرۆکی ئێمە نییە. ئەم سەرەتایە بۆ زۆربەمان درێژ دەبێتەوە تا مەرگ. هەندێ کەس هەن، بێ ویستی خۆیان و لە نائاگاییەوە چیرۆکەکە دەبێ بە چیرۆکی ئەوان و دەبن بە کارئەکتەر، چیرۆکە گرنگەکە کەس نازنێ چۆن و لە کوێوە دێ، نازانیت ئەوە تۆیت، یان کەسێکی ترە چیرۆکەکە دەبات بەڕێوە. هەندێجار ئەمە بایەخی نابێ، کاتێ واهەست دەکەی و بە چاوی خۆشت دەبینی، هەموو شتیک لە شوێنی خۆیەتی. لەکاتی خۆیدا باران دەبارێ و هاوینیش هەر لە هەرەتی گەرمادا، دەکەوێتە ژێر بارێکی قورسی مێش و مەگەز، لە ناوچە بێ خزمەتگوزارییەکانەوە. هەنگاوان ناچارە ئەو دار هەرمێیە ببڕێتەوە کە دنیایەک هەنگ لەسەر بەشێکی دارەکە نیشتوونەتەوە. ئەمەش دوای ئەوەی لە ترسی کەوتن لە بەرزایی و

پێوەدان، هەنگەکانی دەخاتە نێو ئەو سندووقەی لە هی سندووقی کامێرای سێ پێچکە دەچن... یانی کارەکەی من ئاوایە. کە هەرزەکار بووم، لە ژوورەکەی خۆم وێنەی هەموو ئەو ژنانەی بینیبوومن لە دیوارم دەنەخشاندن، هەرچوار لای ژوورەکەم پڕ کردبوو لە خانە خانەی چوارگۆشەیی، هەر خانەیەکیش وێنەی کچێکم لێ هەڵواسیبوون. زۆرجاریش شوێنگۆرکێی وێنەکانم دەکرد، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە کچێکی نوێم دەبینی، یان ئەگەر ڕێککەوتبا قسەم لەگەڵ کردبوایە، یان ئەوانەی لە نێو لەنێو هۆڵی شانۆ و سینەماکانەوە دەمبینین. لەیلا، نازەنین، نەرمین، سارا، گوڵبەهار، ئایشێ، تریفە، جوان، کازیوە، شەونم، گوڵێ، دیمەن، ناوی دوازدە مانگی ساڵ ناوی ژنانم لێنابوون.

بەیانییەک کاتێ دەرگەی ژوورەکەت دەکەیتەوە و دەتەوێ هەموو وێنەکان جێبهێلیت و بڕۆیت، بڕۆیت و هونەر بدۆزییەوە، بە شەرواڵ و کڵاوێکەوە دێیتە دەرەوە و لە کۆڵانی ئوتووچییەکانی نزیک قەڵات، ڕەشەبا و بارانی لەیلا هەمووی لەم ناوەیە. بەم پێنجی بەیانییە لەنێو تەنەکەیەک ئاگرێکی زۆر دەکەیتەوە، هەر لە دڵی خۆتەوە دەڵێی، پێویستە وێنەکانی خۆم لێرە هەڵبواسم لەنێو کۆڵان و شەقامە دێرینەکانی شار... چاوەکانم پڕ بوون لە ئاو و نەگریام، ئەوە یەکەمجار نەبوو، بەڵام وێرانکارترینیان بوو، هەرزەکاربووم و تازەکی هەستم کردبوو خوشکم، پێوەندی لەگەڵ کورێکدا هەیە، لە بێباوکیدا دەبوا من چاودێری بکەم. ئەگەر باوکم مابوایە چی دەکرد؟ ئەوکاتەی کە بینیمن یەکتری ماچ دەکەن و منیش لێی بێدەنگ بووم، باوکم بوایە چی دەکرد؟ لەشت دەخوسێ لەگەڵ عەرەقە و باوکم، سەروەختی

ماڵئاواییکردنی پێی گوتم، ئاگات لە خوشک و دایکت بێ، ئەوان شەرەفی تۆن و دەبێ وەک بیلبیلەی چاوەکانت بیانپارێزی.
هەرگیز نەدەکرا من تەنیا وێنەی ژن لە ماڵی یادەوەری هەڵواسم، ئەگەرچی پیاو بە ڕیش و سمێل و چەک و ڕەزا قورسییەکەیەوە، هیچ هونەرێکی تێدا نەبوو، بەڵام خۆ ناکرێ پشیلە، کە هیچ سودێکی نییە، لە شار بکەیتە دەرەوە. ڕەنگە هۆکاری ئەوەی من یەکەم فۆتۆگرافەری گەڕۆکم، هی ئەوەبێ شوێنیش بە مێ ببینم و هەر ئەوەشە وای کردووە بەو خۆشەویستییەوە وێنەی شار بگرم. خولاسە دەگێڕنەوە کاتی خۆی لەم وڵاتەی ئێمەدا پیاوان بە ژنان شارەکانی یەکتریان ناسیوەتەوە و ناویان هێناون و پێناسەیان کردوون، ئاشورپانیپاڵ ئەم شارەی ئێمەی بە شاری خاتوونە جوانەکە ناوهێناوە.

## یادەوەری

کورە گەمەی بە گیتارەکەی دەکرد، کچێکیش زۆر دوورتر ڕێک بەرامبەر من بوو، پێدەکەنی، دیاربوو هەوەسی بەو دەنگە دەهات کە لە گیتارەکەوە دەردەچوو، کە هەڵسا و ڕۆیشت و دواتریش بە جانتایەکی مۆرەرەوە گەرایەوە، ئینجا زانیم زۆر لە ئاواز دەچێ، هەر لەم کاتەدا شێردڵی پلکە لەیلێ وەدەرکەوت، شێردڵ گوتی، ئێستا خاوەنی چایخانەیەکم لە بەرامبەر هۆتێل سەمیر ئەمیس، گوتم، مەبەستت کۆڵانی پاچەچیانە، وانییە؟ هەوە.
شێرزاد گوتی، ئەمەش سەگە. پیرەژنێک گوتی، وی... گڵاوە، پیسە، لاییبە، ڕەتبوو و چارۆگەکەی بڵند کرد، تا لە دانیشتن نەکەوێتە ژێریەوە. بەرەورووی ئەو کچە دانیشت کە عەینەن ئاواز بوو.
"هێوەرو جەرگم!" ئاورمان دایەوە، پیاوێکی سوورەی شەپقەلەسەر، بە چاکەتێکی کاوبۆیی، کە لەسەر گیرفانەکەی لۆگۆی مارکەی لیڤاسی لەسەر بوو، وای بە سەگەکە گوت.
گوتی، ببوورن، وابزانم سەگەکەم بێزاری کردن، بەڵام لە هەموو شوێنێک لەگەڵمدایە، ناتوانم بێ ئەم سەگە بژیم. من ساڵانێکی زۆر بە تەنیا بووم و زور پێویستیم بە هاورێیەکی وەک ئەم سەگە هەبوو،

ئای خوایە چەندم خۆشدەوێ! ئەم سەگە عاقڵە، داهێنانی وڵاتی کافرانە.

شەمەندەفەر وەرێکەوت...

گوتی، دەمەوێ ئامۆژگارییەکتان بکەم، ئەم کابرایە دەبینن، قات خاکییەکە دەڵێم. من باش دەیناسم، ڕەنگە ئێستا بێتە لاتان و بڵێ، من جاران شوفێری ئەم شەمەندەفەرە بووم، لەنێو ئەم شەمەندەفەرە کاری لەشفرۆشی دەکرێ. زۆر شتی تریش باس دەکات و ئینجا داوای پارە دەکات...

گوتی، ببوورن جگەرەتان لایە؟

شێردڵ گوتی، ئەوە جگەرە.

گوتی، جگەرەکێش نەبووم، لەنێو شەمەندەفەر فێری بووم.

گوتم، دیارە زۆر سەفەر دەکەن؟

بەڵێ، من پێشتر شوفێری ئەم شەمەندەفەرە بووم. تا کاری تێدا نەکەی، نازانی چی تێدا دەگەوزەرێ.

چی دەگوزەرێ؟

کاری لەشفرۆشی و حەشیشکێشان و خواردنەوە. هەندێ فارگۆن هەن، گوایە کەلوپەلی بازرگانی و نەوت و بەرهەمی ئاژەڵیان پێ دەگوازرێتەوە، بەڵام زۆرجار کۆمەڵێک ژنوپیاو ڕێکدەکەون و پیاوەکان، ژنەکانیان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە و سێکس لەگەڵ یەکتر دەکەن. جاری واش هەیە، ئەها ئەم کەرەڤانەیە دەبینن ئەمە پێی دەڵێن ژووری تەندروستی، من دەتوانم سوێند بخۆم هیچ کەسێکی تێدا چارسەر نەکراوە، یان ئەوتا حەشیشی تێدا دەکێشرێ، یانیش تێیدا دەخورێتەوە...

ئێ... ئینجا؟

ئینجا پێویستە شوێنێک هەبێ موسڵمانان نوێژی تێدا بکەن. هەموو نەتەوەیەک بە فەرهەنگی خۆیەوە جوانە.

فەرهەنگی ئێمە چییە؟

ئیسلامەتی و دینداری...

شێردڵ گوتی، ئەوە گوندەکەمە.

ماڵێک لەسەر گردێکەوە و لە خوارەوەیش دە دوازدەی تر، بەدوای یەکتردا ریزیان بەستووە، هەر دەڵێی بە ئەنقەست بۆ کایەی منداڵان دورستکراون. هیچ بەهایەکی تەلارسازی و هونەریان تێدا نییە. هیچ فەرمانگەیەک، یان بنکەیەکی تەندروستی نابینرێ، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ منارەی مزگەوتێک لە دواوەی ماڵەکان ببینێ. هەوایەکی سارد لەو دەشتە پان و بەرین و بەخشندەیەوە خۆی دەکا بە ژووردا...

رووم لە کابرا کرد و گوتم، ئەوەتا مزگەوت، بچۆ نوێژ بکە.

# وڕێنە

"حەیران دەڕێم..."

ئەو ژنەی ڕوو بە ڕووی ئێمە دانیشتووە و منیش تازە هەستی پێ دەکەم و دەیبینم، دەست بە بناگوێوە بە دەنگێکی کز حەیران دەڵێ، دەنگی جووزەلەیش لە دوورەوە دێ. ژنە بەهێڵەگێکی ئەرخەوانی، بە دەست و پەنجەیەکی کوتراو، دەمێ بۆن مێخەک و دەمێ بۆن پونگی لێدەهات. زۆرێکیان هەڵدەستنە سەر پێیان و لە شوێنی هاتنی دەنگەکە دەنۆڕن، داخۆ ئەوە کێیە غەریبی هەستاوە، بەم ئێوارە سارد و شوومە، چیش نا، حەیرانی دەڵێ، لە هیچ جییەکیش نا، شەمەندەفەر؟ بەڵام کە ئەمن گوێم لە دەنگی باندۆنیان دەبێ، هەڵدەستم و دەستم بۆ عەبدوڵڵا درێژ دەکەم، دەست دەکەین بە سەمای تانگۆ. ئەوانیش تاکوتەرایان نەبێ، لە شوێنی خۆیان دادەنیشنەوە...

عەبدوڵڵا وەها جوان دەیهێنام و دەیبردم، وەها جوولەی پێ دەکردم، لەژێر دەستی وەک میزراح یاری پێدەکردم، بە درێژایی فارگۆنەکە لەمسەر بۆ ئەوسەر دەجوولاین، ئەمەش جۆرە دەرچوونێکە لە سەماکە، منیش حەز بەو جۆرە گەمانە دەکەم، دوو دوو دەستی یەکتریان دەگرت. هەر دوای تاوێک تێکڕا دەستیان کرد بە سەما. کەس نازانێ

ژنوپیاوێک کە هیچ یەکتریان نەناسیوە، چۆن بەیەکەوە دەستیان داوەتە سەما؟ بەڵام کاتێ شەمەندەفەر بەلای چەپدا پێچ دەکاتەوە، وەک ئەوە خۆی کێشابێ بە شتێکدا، هەمووان خۆیان بەیەکدا دەکێشن و دەبینی، ژن لەگەڵ ژن، پیاو لەگەڵ پیاو، سەگ لەگەڵ پیاو، وای چەند جوانە، منداڵ لەگەڵ بوکەڵەکەی سەما دەکەن، ئەوکات هیچ پرسیارێ لەلات ناورووژێ...

من و عەبدوڵڵا ئیتر بەیەکەوە سەما ناکەین، هەر تاوێک لەگەڵ یەکێ سەما دەکەم، تاوێک هەستم کرد لەگەڵ ئەسپێک سەما دەکەم، ئەسپێک دەیەوێ بە هەموو هێزیەوە دەمهێنێ و دەمبا، لەسەر نووکی پێ سورامەوە بە دەوری خۆمدا، هەموو ئەوانی تر ببوون بە هەڵم لەبەر چاوم، تەنیا چاویان نەبێ، لەنێو دەیان جووتە چاودا، چاوەکانی عەبدوڵڵام ناسینەوە...

ئێمە لە هیچ وێستگەیەک دانەبەزین، هەموو دنیا ئێمەیان لە بیر کردبوو، ئێمە تازە لەگەڵ ئەو کەسەی کە سەمامان لەگەڵ دەکرد، گەیشتبووین بە سنووری یەکتر و خەریک بووین نەرم نەرم بە زمان سنوورەکانی یەکتریمان دەبری.

# یادەوەری

دوای ئەوەی لە وێستگەیەک وەستاین، لەگەڵ کابرا چووینە خوارەوە، تا بە چاوی خۆمان فەزاحەتی نێو شەمەندەفەرەکە ببینین، ئەمەیش دوای ئەوەی کە زۆرێک لە سەرنشینان، ئەم جۆرە خەڵکانەیان بە کافر و هەڵگەڕاوە لە دیین و ڕەوشتی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدا، بەدوای یەکدا وەکوو مێرووله چووینە نێو یەکێ لە ڤارگۆنە گومانلێکراوەکان، شێردڵ خۆی ئامادە کردبوو، تا هەر گەیشتە ئەوێ، لەبری سەرزەنشتکردنی وان، ڕاستەوخۆ دەست بکات بە سێکس. هەمووی هاتنە خوارەوە، سەگەکەیش پەلەی بوو. پیرەژن سەری لە بناگوێی کچەکەی نابوو، ڕەنگە وایزانیبێ کەس گوێی لێی نییە، دەیگوت، خۆشیشە ها. لەپڕێکدا پیرەژن گەڕایەوە دواوە و گوتی، من خۆم پێ ڕاناگیرێ شتی وا ببینم. عەیب و شورەییی. ژنێک گوتی، ئەی هاوار هەیش. کە هەموومان چووینە ژوورە و پیرەژن لە پەناوە بینی هیچ لە گۆڕێ نییە، خۆی کرد بە ژووردا. شەمەندەفەر دەستی کرد بە ڕۆیشتن...

کە گەیشتینە دوا ویستگەمان، ئینجا زانیمان، ئەو کاتەی ئێمە وردە وردە بە دزی و بە بێدەنگییەوە هاتووینەتە خوارەوە و بە هێمنی تا فارگۆنێکمان دیاری کرد و ڕێککەوتین بچینە نێویەوە، پیرەژنیش

گومانی خستە دڵمانەوە کە بگەڕێینەوە، ئەوان؛ ژن و پیاوەکانی نێو فارگۆنە گومانلێکراوەکە پێچەوانەی ئێمە و بە دیوەکەی تردا، چوونەتە فارگۆنەکەی ئێمە! ئێمە هێشتا ئەوەمان نەزانیبوو، تازە چووبووینە نێو فارگۆنە گومانلێکراوەکە، هەموو شتێکمان بیرچوو، وەکوو ئەوەی تازەکی یەکتریمان بینیبێ، دوو دوو، ژن و پیاو، سەیری یەکتریمان کرد.

## وێنەی عەبدوڵڵا دەفژەن لە ئەرشیفی سۆفییەکاندا

عەبدوڵڵا دەفژەن، کاتێ بینیویەتی چراکان هەمووی داگیرساون، لە گەڕەکی تۆپخانە وەک گڵمتێک خۆڵ، کە بە هەموو هێز و بازوو فڕێ بدەیتە ئاسمانەوە، وەها ونبوو. دوای ئەوەی بەدەم دەفلێدانەوە، ماڵ بە ماڵی گەڕەکەکەی، خەبەر کردووەتەوە بۆ پارشێو. ئەم وێنەیەی لامە، لەبەردەم مزگەوتی ئاڵتی بەرماغ وەستاوە. ببیستودوومین ساڵی ئەم کارەیەتی، بێ ئەوەی ناچار بووبێ، هەموو شەوێک، تا چراکان هەڵدەکران، بە دەفلێدان و گوتنی مەقاماتەوە بەنێو کۆڵانەکانی شار دەگەرا و پاشان ون دەبوو.

# یادەوەری

مردووەکانیش قسە دەکەن، ئەمە ڕاستە؟ ئینجا بۆ لە ئێوە بپرسم، خۆم مردوویەکم و قسە دەکەم. من ئێستا بە قەستی مردووم، ئەو ڕۆژەی بەڕاستی مردم، ونبوونی ئاواز بوو. دوای سالآنێک لە ونبوونی ئاواز، خەیاڵی زۆر کارم دەکرد، بۆ نموونە دەمویست ببم بە کارەباچی، یان جابی و یانیش ببم بەزاز! هەستم دەکرد بەم کارانە دەتوانم رووبەرووی خەڵکی شارەکە بم و بەشکو ڕۆژێکیش بێ ئاواز ببینمەوە... لە وێنەکەدا کاوبۆی چارلیستۆنێکم لەبەرە، منیش وەکوو تەواوی خەڵکی شار، پەشۆکاوم، دوای تەقینەوەکەی بەردەم کەبابخانەی مومتاز و کازینۆی باکوور. لە دوامەوە تۆمارگەی چەخماخچی دیارە، تازەکی لە رووسیا گەراومەتەوە و وازم لە خوێندن هێناوە، تا بەشداری شۆرش بکەم. لە نیوەڕۆیەکی گەرمدا لە نێو بازار گەرام، تاوێ لەژێر سێبەری پەیکەری کۆتری ئاشتی، تاوێ پیاسەکردن بە شەقامی سیروان، ئەم شارەیش ئەفسونێکی سەیری هەیە، هیچ ڕێگەیەکی نییە بۆ ڕۆیشتن، بەڵام هەزار ڕێگەی هەیە بۆ هاتن! سلێمان قاورمەچی بە دەنگێکی پڕ و گڕی ئەربیلیانە گەمەی بە گوندییەکان دەکرد و دەیگوت، ماڵەوەدان گۆپاڵەکەی فرێداوە و ڕاست دەستی داوەتە شوفێری! بەخێرهاتنی یەکێ لە بەرپرسەکانی بەعسی کرد،

تاوێ لەبنا گوێی، پاشان بە دەنگی بەرز پێی دەگوت، پێویستە ئەوانەی لەسەر کوردایەتی دەستگیرکراون، ئازاد بکرێن. دەستی هەرزەکارێکی چاوپڕ لە گریانی گرت و بردیە پێش کابرا، گوتی، باوکی ئەمە لەهیچ و خۆرایی دەستگیرکراوە. ئەم ناچارە دایکی و سێ خوشکەکەی بژیێنێ! ئەگەر وا بروا، پیاو نامێنێ لە شارەکە و هەمووی دەستگیر دەکرێن!

...

وەک بێگانەیەک بەنێو شارەکە دەگەڕێم. چ زوو بووم بە بێگانە! تۆ قەت ئەم هەستەت هەبووە، کە خەڵکی شارەکە نیت، خەڵکی وا هەیە هەموو تەمەنی لە هەوڵدایە و هەر بەو حەسرەتەیشەوە سەر دەنێتەوە. ئەگەر کەسێکی وا هەبووبێ، بێگومان لە ئەربیل ژیاوە. لە هۆتێل سندباد خۆم دەبینمەوە، لە ژووەرەکەم تەلەفۆن بۆ هەموو هاوڕێ و خزمەکانم دەکەم، وادیارە هەموویان بەیەکەوە بڕیاریان دابوو فەرامۆشم بکەن، ئای لە خۆم غەریبێ! ساکینە ئەو ساڵانە چی کردووە؟ چۆن ژیاوە؟ هەموو ئەو نامانەی بۆمی نارد، فەرامۆشم کردن و چەند ڕستەیەکی سەرەتای لێدەرچی، نەمخوێندنەوە! کە شۆرش و بەعس پێکهاتن و چەکدارەکان هاتنەوە نێو شار و دەسەڵاتی خۆماڵی چالاک بوو، گوتیان، ڕێبازی ئێمە پیرۆزە و جیاوازە لە هی جاشەکانی ئەودیو... پێش هەموو شتێ بەندینخانەیەکیان دروستکرد بۆ ئەوانەی جیاواز بوون، هەر تورکمان بوو لە ترسی کوشتن و دەستگیرکردن، ئاڵای کوردایەتی بەرزەوە کردبوو. ناچاربوو بڵێ من خۆشناوم، دزەییم، هی ئەو دەشتەم، منیش لە بنچەدا کوردم لە ئێوەم، مەمکوژن!

# وێنە

سی ساڵم تێپەراند و دەستم بەر هیچ ژنێک نەکەوت. وەک دیاردەیەکی سروشتی سەیرکرام و گوتیان، ئێستا نا، دەمێکی تری کەم، دەبێتە زریان، یا ڕەشەبا. سی ساڵی ڕێک چاوەڕێم کرد، خۆم لە کوونی ژووریَ نا و پشتم لە بنیادەم کرد. خواردمەوە و تەنیاتر بووم. ڕۆژ دوای ڕۆژ تەنیاتر، تا باڵەکانیشم لە دەست دا، بەڵام چاکەی من ئەوەیە؛ هەمیشە پێدەکەنم، تا دۆخەکە برەوێنمەوە. جاری واش هەیە، بەرووی هەموو کەسێکدا بزە دەکەم، تا هەر هیچ نەبێ، لەکۆڵ خۆمیان بکەمەوە و تووشی سەرئێشەی قسەکردن نەبم. ئەمەش، تا تەمەنی سی ساڵی خایاند، تێگەیشتم من بەشێک نیم لە (ئێمە) و (ئەوان). ئەمە قورسترین ساتەوەختی ژیانە. سی ساڵی ڕێک، هەموو بوون بە خاوەنی (ژن) و (ماڵ)ی خۆیان! تەنیا من مابووم، منیش ویستم رابردووم هەبێ، یادەوەریم هەبێ، بەڵام من لە یادەوەریشدا خاوەنی ژن نەبووم، خاوەنی خۆشەویستی بووم. پێم وابوو یادەوەریی ڕاستەقینەترە لە ژیانی ڕۆژانە... سەیردەکەی هیچ کەسێکت بە چواردەورەوە نەماوە، لەپڕێکدا ئەوانەی خۆشت دەویستن، ناتناسنەوە! یەکێ گوتی، ئەمە کێیە؟ ئەویتریان گوتی، ئەمە نەبوو، خەریکی

ئەفسانە بوو؟ ئەمیان گوتی، ئەفسانەی چی؟ تا ئێستا ژنێکی پێ ڕازی نەکراوە. ئەویتریان گوتی، کورە ئەمە لە کوێ و گان لە کوێ؟ مەگەر هەر دەستپەر لەسەر ئەو ژنانە لێبدا کە وێنەیان دەگرێ! ئەویان گوتی، بە خەیاڵی ژن، وێنەی کوچە و کۆڵانەکانی شار دەگرێ و پاشان دەڵێ لەگەڵ فلان ژن وا و لەگەڵ فیسار کچ وا... من یادەوەریم بۆ خۆم خولڤاند، تا تۆزێ مردن لە خۆم دوورخەمەوە... خۆم لە ماڵە یادەوەرییەکەم بە پەتێک هەڵواسیبوو، ئێستا نا، تاوێکی تر، لەگەڵ ماچی یەکەم خۆشەویستی، دەکەوم.

## وێنەی پێشبرکێی پاسکیلسواری

ئەوە من نیم ئەو منداڵانە لە بەرزاییەوە دەبینم، بەڵکو کابرای فۆتۆگرافەر لە ساڵانی پەنجاکان وێنەی گرتوون، پەنجاکان ئەو ساڵانەی بەشێکی زۆری خەڵکی شار بە پاسکیل هاتوچۆیان دەکرد. منداڵان بە پاسکیلی گەورەکان پێشبرکێی ئەوە دەکەن، داخۆ کامەیان دەتوانن پێش ئەوانی تر بە دەوری قەڵات بسورێتەوە. دنیای ڕەنگاوڕەنگی منداڵان لەم وێنەیەدا ڕەشوسپی دەچێتەوە... دایکان وەها چاوەڕێی منداڵەکانیانن وەکئەوەی چاوەڕوانی مێردەکانیان بن، تا لە سەربازی دەگەڕێنەوە. وەکوو باوە لە پشت وێنەکەوە، ناوی منداڵەکان نوسراوە، بەڵام ئێمە هیچیان ناناسین، بۆ ئێمەش گرنگ نین.

# یادەوەری

مرۆڤ ئەگەر نەگێڕێتەوە، دەبێ چی بکات؟ ئەگەر گێڕانەوە بۆ چێژ نەبێ، ئەی دەبێ بۆچی بێ؟ ئەوەتا من خەریکم باسی شتێکتان بۆ دەکەم قەت حەزم پێی نەبووە، ئەویش شاخە، خراپترین ڕۆژ ئەو ڕۆژەیە، بچی بۆ شاخ. لە بەردەم کازینۆ عەنتەر چاوەڕێی ئەو نامەیەم کە ڕێکخستنەکانی نێو شار بۆ ڕێکخستنی دەرەوەی نووسیوە. بەیانی زوو، بۆ ماڵئاوایی چوومە لای نەبیل، هەندێک وێنەی جوانی دەستخستبوون، وێنەیەکیان، سەلیم سەیدۆک و گیو موکریانی و عەونی یوسف و کۆمەڵێک لە کەسایەتی شارەکە بەتایبەت ئەوانەی حزبی هیوایان دامەزراند، بەتەنیشت یەکترەوە ڕاوەستاون و هێندە شیرینن مرۆڤ هەر حەز دەکات بەدیاریانەوە بێ.

نامەکەم بە دەست دەگات و وەری دەکەوم و چەند جارێک لە ڕێگە دادەبەزم و بۆ ئێوارە دەگەمە جێ، وەکئەوەی بەزۆر ڕاپێچ کرابێتم، شاخ بۆ من دۆزەخە و هەست بەنائارامییەکی زۆر دەکەم. کاسکێتێکی ئەستێرەداری گیڤارایی دەخەمە سەرم، هەر لە دوورەوە یەکێ بەرەو رووم دێ، فەرمووم لێ دەکات و هەر بە ئاماژەی دەست پێم دەڵێ، ئەم خێمەیەی سەر گردەکە دەورەدراوە بە پاسەوان، فلان سەرکردەی لێ دەژی، ئەویتریان فیسار فەرماندەی لێ نیشتەجێیە، بەم شێوەیە

هەر سەرکردەیەکی سیاسی، یان سەربازی ناوچەیەکی دەست بەسەر داگرتبوو... کابرای سەرۆکی حزب، یان کە پێشی دەگوترا سەرکردەی شۆڕش، ئەگەر شتێک بە دڵی وی نەبوایە، یان بیزانیایە چارەسەری کێشەیەکی پێ ناکرێ، یاخود مەترسی لەسەر پێگەی هەیە، دەیگوت، ئێرە جێدێڵم و دەچمەوە شار، یان دەرەوەی وڵات، درێژەی پێدەدا و دەیگوت، ئەگەر لەبەر ئەم نەتەوەیە نەبێ، من چیم داوە لەم شاخ و سەرما و بێ نان و ئاوییە. دەچم بۆ خۆم وەکوو پاشا دەژیم...
بۆ ئێوارەکەی لە کاتی نانخواردندا پێیانڕاگەیاندم، من بۆ مەکتەبی راگەیاندن باشم. ماوەیەک بووم بە هەواڵنووس، دوای چەند هەفتەیەک وازمهێنا. سەروەختی وازهێنانم بوو، چەکیان پێدام، هەر لە نزیک مەکتەبی راگەیاندن ژوورێکم بۆ خۆم دروست کرد، شەو و ڕۆژ لەو ژوورە بووم و کەمجار دەهاتمە دەرەوە و خەریکی خوێندنەوە بووم. لەنێو ژوورەکەمدا پیاسەم دەکرد، هەر کەسێک لە ژوورەکەی خۆی پیاسەی نەکردبێ، نازانێ چۆن تەمەنی بەفیرۆ چووە! ئەو ڕۆژەی سەرکردایەتی شۆڕش کۆبوویەوە و بڕیاریدا لەسەر ئەو کەسانەی بگەرێن لە گوندەکان، تا مەر و بزن کۆبکەینەوە، یەکێکیان من بووم. ئومێد شۆخان گوتی، پێم وانییە لە گوندەکانی لای خۆمان هیچی وامان دەست کەوێ، بەعس ئەگەر وێرانیشی نەکردبن، ئەوا خەڵکی ئێمە گوندەکانیان جێهێشتوون. بۆیە پێشنیار دەکەم، بچنە گوندەکانی سەر سنوور! بۆ شەوەکەی خەریکی خۆ ئامادەکردن بووم، هێڵنجم هاتێ و زۆری نەبرد ڕشامەوە. تەواو تەننادروست بووم، هەستم بە بێهێزی و ماندوویەتی کرد. بۆ بەیانی خراپتر بووم و نەچووم. دوای هەفتەیەک چەکدارەکان گەرانەوە، مەر و بزنێکی زۆریان هێنابوو.

دکتۆر ڕەنگین بە تەنیشتمەوە بوو، وێنەی دەستگیرانەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی،
ئاه بەرخەکەم!

...

یەکەم نامەی ساکینەم بە دەست گەیشت. ساکینە بۆی نووسیبووم، سەردانی زۆر دکتۆری کردووە و ئەگەرچی ئەوان بێ ئومێدبوونی خۆیان پیشانداوە لەوەی منداڵی ببێ، بەڵام ئەو بێ ئومێد نابێ و دەچێتە لای دارە بزمارە. ئەو لای وابوو منداڵ دەتوانێ من و ئەو، لەیەکتر نزیک بکاتەوە... چەند خولەکێک دێم و دەچم، ئینجا دەست دەکەم بە نوسین و بەدڵی ساکینە وەرام دەدەمەوە... دیسان ساوەر، لایەکی پڕ لە پیاز و لایەکەی تریشی پڕ لە گۆشت. فرۆکە بەسەر سەرمانەوەیە، لەو دیو پەنجەرە چکۆلانەکەوە کە بە نایلۆنی شەفاف و تەختە دروستم کردووە، سەیری دەرەوە دەکەم، تاوێک ون دەبێ، ئۆخەیش ناکەین و دێتەوە، ئەمجارە بۆردوومانی چەند شوێنێک دەکات، لە جێی خۆم دادەنیشم، چاوەڕێم کە منیش بۆردمان دەکرێم، یان نا. نزیک لە ژوورەکەمەوە دەنگەدەنگێکی زۆر دێ هەڵدەستمەوە و سەیر دەکەم، خەڵکێکی زۆر ڕادەکەن. دانیشتمەوە و چاوەڕێ دەکەم، دەنگی تەقینەوەیەک دەگاتە گوێم، ئینجا قیژەیەک هات و هەستامەوە و کەسێک لەو دیو پەنجەرەوە خەڵتانی خوێن بووبوو...

# وڕێنە

دوای بەیاننامەی ١١ی ئادار چووینەوە بۆ عەنکاوە، ڕۆژانی ئاشتی و خۆشگوزەرانی. لەسەر ڕێگەی خۆمان چووین بۆ شاری یاری، زوهێر شێلگیرانە و بێبڕانەوە گەمەی کرد. لە ڕێگەدا لە چوارڕیانی پاشا، کە پەیکەری عەبدوڵڵا پاشای نەقیبی لێ دانرابوو، ڕاوەستیان و سڵاومان لێی کرد. عەبدوڵڵا پاشای نەقیب، کە بەسەر ئەسپێکەوە روو لە سەنتەری شار، سیمبۆلی بەیەکەوە بەستنەوەی تێکڕای خەڵکی شارەکەیە. لە کاتی داگیرکاری ئینگلیزدا، زۆربەی هۆز و پیاوە دیارەکانی شارەکەی کۆکردەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەربازانی ئینگلیز. ئەگەر زانرا ئینگلیز پەلامار دەدا، هەواڵی نارد بۆ هۆزەکان، بۆ پیاوانی دیینی و کۆمەڵایەتی، دوو هێزی پێکهێنا، یەکێکان لەنێو شار و ئەویتریشیان لە دەرەوەی شار. هەر کە سوپای ئینگلیز نزیککەوتەوە، هەواڵی بەپەلەی بۆ نێو شار نارد، تا ئامادە بن، بەڵام بەر لەوەی بگەنە نێو شارەکە، هێزەکەی وی شکا. پێش شەڕەکە، گروپێک لە خوێندەواران ژێربەژێر ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئینگلیز کردبوو، سوپای ئینگلیز بەبێ شەڕ بێێە نێو شارەوە! لە شەقامی سەرەکی عەنکاوە بە هەر لایەک بتروانیبایە، کچۆڵەی ڕێکپۆش و ڕەنگاوڕەنگ و دەمبەخەندەی، وەکوو گوڵی لێوار شەقامت، دەبینی. ئەو نازدارانەی

هەموو ڕۆژێک بە پاس، هەندێجاریش بە پێ، لە عەنکاوەڕا تا سەنتەری شار، دێن بۆ قوتابخانە. ڕەنگە هەر دایکی ئەوانیش بن مامۆستا، یان دکتۆرن لەمسەر بۆ ئەوسەری خەڵکی ئەربیل دەزانن ئەو ژنانە چ خزمەتێکی گەورە بە شارەکەیان دەکەن.

گەیشتینە کلێسای مار گۆرگیس لە عەنکاوەی کۆن، وەک هەمیشە کلێسا دەرگەی والا بوو، گۆڕستانێکی جوان سەرنجکێشمان دەکات، بەلام ئیتر هیچ جێگەیەکی نەماوە بۆ هیچ مردوویەک. ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی ڕینۆی لێبێ، ناوەوەی پڕ کراوە لە گوڵ. قەشە بە کۆمەڵێ پەرتووکەوە بەرەو رووومان هات، یان بە باوشە تیشکێک، قەشە ناسیاوی باوکم بوو، دەستی بەسەر سەری زوهێردا هێنا و گوتی، ئەمەش کتێبی پیرۆز، ئینجیل، چاپە کوردییەکەی. ئەو چوزانێ من هەڵگەراومەتەوە لە ئایین. ئەی بەدبەخت لە خۆوا! قەشە داوەتی ماڵی خۆیانیانی کردین، بەلام ئێمە ڕەتمان کردەوە، قەشەیش زۆری لێنەکردین و ڕێگەشی دا بەنێو کلێساکەدا بگەرێین و نزیکەی کاتژمێرێک لە گۆرستانەکە دانشتین.

بۆ ئێوارە لە گۆرەپانێک کۆبووینەوە، تا سەری ساڵی نوێ پیرۆز بکەین، پاشان سەردانی دادە مەریەممان کرد، بەدیار وێنەی کاسترۆی کوری کە لە رووبەرووبوونەوەی بەعس کوژراوە، مۆمێکی گەورە بەبێ مۆمدان لەسەر مێزێکی دارین دەسوتا. ماتەمئامێز دانیشتبوو، چاوی بە ئێمە کەوت مۆمە چکۆڵەکانی قل قل داگیرساند. فرمێسکی چاوی سرییەوە و فەرمووی لێکردین.

"ئاە کاسترۆی گەنج، مەسیحی گەورە ئاگادارت بێ!" دادە مەریەم وای گوت.

ئاماژەی بۆ کتێبەکان کرد، لە سەر ڕەفەیەک دانرابوون، گوتی، کتێبە خۆشەویستەکانی ئەو بوون. گوتی، ڕێگە نادات کەس دەستیان باتێ و تەنیا بۆ سەیرکردنن. کەشوهەواش سارد بێ، هێندەی تر هەست بە تەنیایی دەکەی. تووند خۆم لوولدا لە قۆڵی عەبدوڵڵا، گوتم، سەرمامە! دوێنێ بەفرێکی زۆر باری، ئەگەر قەڵات تارای سپی پۆشی بێ، منداڵانی قەڵات و تەیراوە لە جیات شەڕەبەرد، شەرە بەفریان کردووە. دۆڵابێکی پڕ لە دەستنووس و نامە، تێکڕای نامەکان بۆ مەریەم ناوێک، نووسراون. دە ساڵ دواتر کە گەراینەوە هەمان شوێن بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ، بەڵام گوێبیستی موزیک و هونەرێکی داهێنەرانە بووین. سەرەتا تیپی موزیکی "سازان"ی باسیل سەباح و بژار دیلان و رۆنی یوحەننا و جەلال پترس، چوار کەس، چوار قات و پانتۆڵی وەکوو یەک، چوار ڕیش و چوار سمێڵ! پاشان گروپی موزیکی کچانی ئەربیل، ڤیان فایەق و هاوڕێکانی، ئۆندە گۆرانی جوانیان گوت، نەبێتەوە، بەڵام جگەلە ژنەکان، پیاوەکانیش، کچانی ئەربیلیان بینی؟ بەڵام بۆنا، کەسێ خۆی (شتێکی!!!) دروست کردبێ، هەر دەبێ بیبینێ و بیناسێتەوە. ئێمە ئەو وێنەیەین کە پیاوان لە خەیاڵی خۆیان وێنەیان کێشاوین. پیاوان چۆنیان ویست ئاوا ئێمەیان دروستکردەوە. من و ژنەکانی تریش زۆر کات وەکو پیاوان قسە دەکەین، سەفەر دەکەین، ماڵ دروستدەکەین، هەمان خەون و هەمان دنیای پیاو! چۆنیان بوێ ئەو جلوبەرگەمان پێ دەپۆشین، ڕۆژێ بە ناوی ڕەوشت، پەچە و ڕۆژێکی تریش ئەگەر مەیلیان گۆرا، بەناوی ئازادییەوە، جلوبەرگی سەیروسەمەرەمان بۆ بەکردن دەدەن، دەچینەوە نێو عەبا و حیجاب، دەرگە لەسەر خۆمان کلیل دەدەین، هەر کە هاتینە دەرەوە، سەردەمی ئێمە نەماوە و بووین بە قەیرە. پیاوێک لە خێری خۆی، دەمانکاتە

چوارەم ژنی خۆی! پەیام دەنێرێ؛ خۆشی لە خۆت، ئەمشەو دێم و بەیەکەوە دەخەوین! ئەگەر هەر تێریش نەبوون، مەلهامان بۆ دەکەنەوە، تا کەس هەست نەکات زیندانی کراوین! ئیتر ئاوایە، کە لێشمان تێربوون، پێماندەڵێن، لەشفرۆش و داوێنپیس! ئەگەر بشمانەوێ تازە سەختە بتوانین بگەڕێینەوە سەرەتا. تەنانەت ناتوانین یەک وێنەی ڕاستەقینەی خۆشمان، لە هیچ سوچێکی ئەم گەردوونە هەڵواسین... ئەگەر یەکێ لە ئێمەی ژن کوژرا بێ، هەمیشە لە کاتی چالاکییەکی نێو شاردا بووە، ویستوویەتی وێنەیەک، وێنەی ڕاستەقینەی خۆی هەڵواسێ، یان بەیانی دنیایەکی تر بکات، ویستوویەتی لە جێی گوللە، گوڵ دابنێ. ویستوویەتی دنیا هەمووی وەکوو دایک بێ، موژدەی دنیایەکی تر کە تێیدا، ژنیش هەیە، ڕابگەیەنێ!

# یادەوەری

نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین، بینیم لە تاقە خانووە کەلاوەبووەکەی خوارەوە، کاوێس پیرداود، جەوهەر کورەچی بە چەککراوی دەباتە ژورەوە. هەرچەندە ئەو هەڵدێرەی من لێی بووم، ڕک و عاسێ بوو، بەڵام بە ڕاکردن چوومە خوارێ و خۆم کرد بە ژووردا، کاوێس پیرداود، چەقۆیەکی لە دەست بوو، جەوهەریش رووی سوراندبوو بۆ دیوار، بەڵام کە چاوی بە من کەوت، توووند مستێکی کێشا بە دەمولووتی کاوێس پیرداود و سەری بەر دیوارەکە کەوت و کەوتە سەر زەوی. جەوهەر گوتی، زوو با ڕاکەین. گوتم، تا هەرامەکەی نەبرین، لێرە نارۆین و دەبێ تۆش کارەکە بکەی و ئەمە چەقۆ بیگرە. جەوهەر چۆکی زەنگەر زەنگەر دەلەرزی و دەیگوت، من هەرگیز کاری وام نەکردووە و نایکەم. گوتم، نایکەی ها؟ ئەگەر من نەهتبامایە چ شتێکی قێزەونی بەرامبەرت دەکرد؟ سەرەتا بە گیروگازت دێنن و قسە و نهێنیت لێ دەردێنن، کەسە نزیکەکانت، ئەوانەی خۆشت دەوێن، دەبن بە پاروویەکی چەور. وایان پێت دەکرد، دوای ئەمە، چیان ویستبا پێتیان دەکرد. پیاویان پێ دەکوشتی، سیخوریان پێ دەکردی. ئا ئەمانە کێ بروای پێیانە؟ کێ دەزانێ خەریکی چین؟ کێ دەزانێ بۆ کێ کار دەکەن؟ تۆ هەر دەبێ ئەم کارە بکەی، بەڵام لە بیرت بێ ئەگەر ئێستا هەرامەکەی

نەبری نەیکەیتە پەند، کە هەڵسایەوە، بەدواتدا دەگەڕێ و خوا دەزانێ چیت بەسەر دێنێ؟! تۆ دەبێ ئەم کارە بکەیت، بۆ ڕزگاریی خۆتە. بۆ ئازادیی ژیانتە. دەی چەقۆکە بگرە و هەرامەکەی لە بنڕا لێبکەوە. چەقۆکەم پێی دا و منیش هاتمە دەرەوە، دوای تاوێک هاتە دەرەوە و گوتی ناتوانم. پارچەیەک لە بەردی نوککۆر هەڵدەگرم و بە هەموو هێزمەوە بە لاری بن گونی ڕادەکەم و پەستانی دەخەمە سەر. بەردی نوککۆر، ڕەنگە کاریگەری گوللەیەکی زیاتری هەبێ... کاوێس پیرداود، ئەو ڕۆژەی گەڕایەوە شار، جگەلە من، هیچ کەس باوەڕی نەدەکرد ئەوە خۆی بێت، بەڵکو وەکوو لێکچوواند بە ئەو، ناوی دەهێنرا، ئەمەش هەر لە خۆرا نەبوو، کاوێس ناوی خۆی گۆڕیبوو بە کاوێس قاقا، ئێمە دەزانین قاقا پاشناوی، سەلیم قاقای ڕیشۆڵەفرۆشە. خاوەنی ڕستە بەناوبانگەی، گوایە گوتوویەتی، تێکڕای ئاسمانی ئەم شارە هی منە و من پاشای ئاسمانی ئەم شارەم و سەرجەم ڕیشۆڵەکانی هی منن! وا بڵاوکرایەوە گوایە هەرامەکەی خۆی چاککردوەتەوە و کردویەتی بە ئاسن، ئەمەش هەر ئاسنێکی ڕەق و تەق و بێ گیان نییە، بەڵکو لە توانایدا هەیە منداڵ بخاتەوە، بەڵام چ جۆرێ منداڵێ، منداڵێ لە نێوان ئاسن و خوێندا، چ شتێکی عەجاییی لێ دەردەچێ؟! ئەو دەنگۆیانەی لەم بارەیەوە گوتراون، ئەوەشی خراوەتەسەر گوایە کاوێس قاقا توانای ئەوەی هەیە، منداڵی کارەبایی و نەمر بخولقێنێ. هەندێک کەس بڕوایان وایە، کاوێس قاقا شێوەی پەیامبەرێکی هەیە...

## وێنەی نەسرین ئەربیللی لە کاتی پێکەنیندا

کەس نایزانیوە ئەوە چەندەمین جاریەتی پێکەنیوە، لە ڕاستیدا هیچ گێرانەوەیەکیش نییە، تا بزانین و ناشکرێ لە خۆمانەوە چیرۆکێکی بۆ هەڵبەستین ئەوەندە هەیە، نیازی ئەوەشمان نییە وەکوو چیرۆکە پۆلیسییەکان بە دوایدا بگەڕێین و بۆ ئەوەی بزانین، چیرۆکە پۆلیسییەکان تەنیا ئەو کاتە جوانن کە باسی پۆلیس و شت ناکەن. هەشە بکوژ و تاوانبارێک هەن و لەکۆتاییدا دەدۆزرێنەوە، دۆزینەوەش هونەر نییە و زانستە! لە ١٩٥٦دا خەڵاتێکی بۆ شیعر وەرگرت، ئەمەش بە خوێندنەوەی شیعرەکانییەوە دیارە کە چەند خەمگینە و ڕەنگە هەتا ئەوکاتیش پێنەکنیبێ، کاتێ دەست دەخەمە سەر دەمی و سەیری چاوەکانی دەکەم، بەدوای پێکەنین دەگەڕێم، تا وێنەکە تەواو بێ! چەند بارەی دەکەمەوە، هەیە و نییە دەم و لێوێکە هاتووەتە گۆ. گەرانی ئێمە بێسود دەردەکەوێ، ڕەنگە هی ئەوە بێ، پێکەنین لە شارەکەی ئێمە مێژوویەکی درێژی نییە. بەم حاڵەشەوە ئێمە دەتوانین بوونی خۆمان بسەلمێنین، ئەگەرچی بوونێکی ناتەواویشە.

# یادەوەری

کێشەی ئەم شارەی ئێمە ئەوەیە، یادەوەرییەکانی خۆی نانوسێتەوە. ئایا دەنگی تیروشیر، تۆپوگولله، قیژەی مێردکوژراوەکان، ڕێ دەدەن، شارەکە یادەوەری خۆی بنوسێتەوە؟ لە نزیک ماڵی ئێمە دەنگی گریان و ڕۆڕۆ دێ، ژنان ریزیان بەستووە و دەچنە ژوورەوە، بۆ لای ساکینە. سڵاو لە یەکبەیەکیان دەکەم، ئەوە منم عەبدوڵڵا گوڵناز نامناسنەوە؟ من بەختەوەرم دەزانم لەسەر چی کوژراوم... دوای گەرانەوەم لە شاخ ئیتر ئەوە بەسەرچوو بوو لەگەڵ ساکینە دەست بە خۆشەویستی بکەمەوە، دەبوا چی بڵێم و چی بکەم، هیچ، هیچ شتێک. هەرجارێک گەرابێتمەوە لای ساکینە بە دۆراوی، بێکەس و تەنیا گەراومەتەوە، هەر تەنیا ئەو باوەشی بۆ کردوومەتەوە، بەڵام کە لە شاخ گەرامەوە تۆزێ جیاوازتر بوو، دەمویست لەگەڵی بژیم و زۆر لێی دوور نەکەومەوە، بەیانیان لە بەرێوەبەرایەتی کارەبای شارەکە دام و نیوەڕۆکەی دەچمە ماڵەوە و نایەمە دەرەوە. ڕیشم تراشیوە، بسمێڵ و چاویلکەیەکەم هەیە، بۆ خۆم دێم و دەچم. جار جاریش دەچمە لای ساکینە و قوتابییەکانی، ژێرزمینی ماڵەوەی کردووەتە جێی کۆبوونەوە بە قوتابیەکانی خۆی، باسی کوردایەتییان بۆ دەکات. من نەمدەویست دەست بخەمە کاروبارەکانی و ئەویش تەنیا شتێک پێی توورە بێ

دەستخستنە نێو کاروبارەکانێتی... ساکینە، لە قوتابییەکانی پرسی، دەزانن ئەمڕۆ ساڵیادی کۆچی دوایی کام سەرکردەی کوردە؟ قوتابییەکان چەندین ناویان گوت. ساکینە گوتی، شێخ ئەسعەد ئەربیللییە. باسی ئەوەی کرد چۆن لە لێرەوە چۆتە دیاربەکر و بەشداری شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانی کردووە، چۆن دەستگیر کراوە و چی بەرامبەر کراوە. باسی گرنگی شیعرەکانی کرد، کە هەمووی لە دنیای عیرفانیەت دەخولێنەوە...

ساکینە قوتابییەکانی بەرێکردووە و لە خوارەوە حەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ جەژنی قوربان، خەریکی دروستکردنی کولیچە و کێک و محەلەبی و ئەم شیرینیانەیە. منیش لە سەرەوە، لەسەر کۆشکەکەم سەیری شارەکە دەکەم و جارناجارێ ئاورێکی کۆلانەکەی خۆمان دەدەمەوە و دەبینم ژنانی دراوسێ هەر هاتوچۆیتیان لەنێوان ماڵەکەی خۆیان و ئێمە. ئەم کۆشکەی ئێمە یەکێکە لەو کۆشکانەی کە لەلایەن خاوەنە ڕەسەنەکەی خۆیەوە جێهێڵدراوە و فرۆشراوە، ئێمەیش وەک وەکی مۆزەیەک لێی دەروانین و پاراستوومانە، تا ئێستایش شۆندەستی ئەو وەستا ئەربیلیانەی پێوە دیارە کە لە چەند سەردەمێکی جیا نۆژەنیانکردووەتەوە، ئەو وەستایانەی لە هەموو شارەکانی وڵات، جوانترین خانوویان بنیادنا و کەسیش باسی نەکردن.

جگەرەم داگیرساند و عەسرەچای پەنجاکانم بیرکەوتەوە، موحسین شێرزاد ئەفەندیی بابیشم بە چاویلکەیەکی ڕەش و قاتوریبات، گەلاوێژ بەگزادەی دایکیشم بە عەزیەکی قۆڵکورتی سپی پڕ لە گوڵی قاوەیی، بەم هەموو سفووریەوە، دەڵێی بوکە شووشەیە. مەگەر بوکەشووشە چییە؟ ئایا دایکیشم وەک بوکەشووشە هیچی نەگوت و مرد؟ دانیشتن لە باخ و چاخواردنەوە و کتێبخوێندنەوە، پیشەی هەموو ئێوارەیەکی

باوکم بوو، تەنیا ئەو ئێوارەیە نەبێ کە کۆمەڵێک لە مامۆستا و قوتابیانی شارەکە دەستگیرکرابوون. هەر لەبەر ئەوەی سروود و دروشمی نەتەوەییان گوتوەتەوە. تا درەنگانی شەو لە پۆلیسخانە بوو، دوای ئازادکردنیان، ئینجا گەرایەوە. ئەمە لە کاتێکدا موحسین شێرزادی باوکم، نە سیاسی بوو، نە کەسێکی دیاری شارەکەیش بوو !باوکم گوتبووی، چۆن دەبێ ژن و کچی ئەم شارە، بەم شەوە لە زیندان بن؟! دواتر سەیری وێنەکەیانم کرد، سیوسێ کەس بوون.

داوای چایەکی تاڵ لە ساکینە دەکەم و هەر خۆشی بۆم دێنێ، چونکە دەزانێ ئەگەر بەیەکێک لەو منداڵانەی... (ئاە منداڵ چ حەسرەتێکی ناوە بە دڵما)! دەستی بەهەویری دەگرم و ماچی دەکەم. ئیتر لە ژووری خەوتنین لە نهۆمی دووەم، یەکێ لە ژنەکان بانگی دەکات و دەیەوێ بروا، توندتر دەستی دەکوشم و هاواری لێ هەڵدەستێ؛ ئێستا نا! ئەو دەزانێ زۆر لەمێژە وا سەیرم نەکردووە، دیسان هەوڵێ ڕۆیشتن دەدا، وەک کچێکی هەرزەکار رەفتار دەکات. دەڵێی تازە پەیوەندیمان بەستووە، توند خۆمی پێوە دەنووسێنم، پێکانمان دەجوولێن بەرەو پێش، بۆ دواوە، بەلای چەپ، ئینجا ڕاست. هەست دەکەم جەستەیم هەڵگرتووە، خۆی داوەتە دەستم، ئاڵای سپیی هەڵکردووە. لەسەر چەرپاکە لەسەر سک درێژی دەکەم، هەرامەکەم دەخەمە نێوان ڕانەکانی، دەمێک بە دوای شوێنێک دەگەڕێم، دەڵێ، کەوتووەتە نێویەوە، خەریکی چی؟

دواتر ساکینە گوتی، ژنەکان لە ژێرەوەی دەرگە تەماشایانکردووین...

# وڕێنە

دەبوایە هەر بچین، چونکە بەڵێنمان بەیەکتردا بوو. ویستمان شەوێکی جیاواز بەسەر ببەین، شوێنەکەشمان قەڵات بوو، ڕاستییەکەی چوونمان بۆ ئەوێ، لەسەر داوای عەبدوڵڵا بوو، ئەم دەیویست بزانێ؛ سێکس لە شوێنێکی کەونار چۆنە؟

بۆ چەند ڕۆژێک خانوویەکمان بە کرێ گرت، بەختی ئێمە، یەکێ لە بنەماڵە هەرە ناودارەکان، قەڵاتی جێهێشتبوو، کە ئەوان یەکەم بنەماڵە نەبوون، چونکە بەم دواییە دواییانە خەڵکێکی زۆر قەڵاکە جێدێڵن و دێنە خوارەوەی شارەکە و جاری وایش هەیە بۆ کەنار شار. ڕۆژێک بەر لە جەژنی قوربان چووین، خەڵکی شار ئامادەکاریان دەکرد، کاتێ ئێوارە چووین بۆ بازاری قەیسەری و دەلاڵخانە، جووت گەرماو، یەکێکیان هی پیاوان و ئەویتریشیان هی ژنانە، بەتەنیشت یەکترەوەن، جمەیان دەهات لە خەڵک. دەتتوانی سیمای هەشتاکانی ئەم شارە بناسییەوە، لەیەکترچوونی ڕوخساریان، هی ئەوەیە لەنێو یەکتردا ژنوژنخوازی دەکەن، تا لەگەڵ یەکێکی بێگانە! تاوێ لە بازاری پیرەژنان، تاوێکیش لە کارخانەی بیتهۆڤن، کە زۆر جیاواز بوو. هەموو شتێک بە نرخی گونجاو. دەست دەکەوت. دەنگی منداڵە هاروهاجەکان دەهاتە ماڵەکەمان، شەوەکەمان بە خۆشی گوزەراند، دراوسێکەمان بۆ

نانخواردنی ئێوارە، دۆڵمەی پڕ بیبەر و پڕ گۆشت و چەوری بۆ هێناین و بەخێرهاتنی کردین. ژنە نەزیرەی ناوبوو، گوتی، دەتوانی بە نەزیرە خان بانگم بکەی و هەر پێویستییەکتان هەبوو، پێمانبڵێن.

بۆ شەوی دواتر هاتنەماڵەوەمان. من و عەبدوڵڵا تا درەنگانی شەو عەرەقمان خواردەوە. عەبدوڵڵا گوتی، یادیان بەخێر، پێشینانی ئێمە بەر لە خواردنەوەی عەرەق، پەنیریان خواردووە.

عەبدوڵڵا خەریکی خۆ تەییارکردن بوو بۆ بەزمگێران و ئاهەنگسازی... دیسان کەوتە سەرچۆکان، یەک قوورپێوانە نەبێتەوە. عەبدوڵڵا لە کاتی جووتبوون دا منداڵ دەبێتەوە و دەکەوێتە سەر ئەژنۆ! سێکسمان کرد و هەروەکو جارەکانی تر بوو. هیچ شتێکی گرنگ و جیاواز روویندەدا.

دواسات بینیم، عەبدوڵڵا لەنێو کورسییە دەسکدار و پانوپۆرەکە دانیشتبوو، سەیری زەخرەفەی رووەکی و ئەندازەیی و نووسراوەکانی سەر دیواری دەکرد... خەوم لێکەوت. کە خەبەرم بووەوە، بینیم عەبدوڵڵا لە سەربانەوە سەیری رووباری دەکرد، هێشتا خەڵکێکی زۆر لە دەرەوە بوون، رووناکییەک وەکوو شمشێر چەقیبووە نێو رووبارەکەوە، بەلەمێک کە من وای دادەنێم، شین بووە، دیار نەبوو چەند کەسی تێدایە، لەژێر نووکی شمشێرکە بوو، بەڵام حەزم دەکرد ئەوانەی نێو بەلەمەکە من و عەبدوڵڵا بین، زۆری نەبرد چووین بۆ نێو بەلەم، هیچ تیفتیفەیەکم نەدەویست، لە ماڵەوە چۆن بووم هەروا چووم، قژم بڒ و شانە لێنەدراو، بەڵام دواتر کە خۆم لەنێو ئاوەکە بینیەوە، بینیم زۆر ناشیرینم. زیبکەیەکیشم لەسەر لووتمەوە دیت، کەوتمە پرسیار و گومان و چەند و چوون، تۆبڵێی بەم حاڵەوەش عەبدوڵڵا هێشتا خۆشی بوێم؟ خۆم خزاندبووە نێو قاچی عەبدوڵڵا،

ئەمیش مەراقپیسانە دەمی خستە دەممەوە. ئاهم بەبەردا هاتەوە، دڵنیا و ئەرخەیان بووم و کەوتمە هەوای سۆزێکی گەرمەوە...

...

بەیانی لە حەمامی قەڵات خۆم شووشت، چەندین بوتڵی بۆن و کرێمی لێبوو، بەردێکیش تا ژێر پێکانتی پێ پاکبکەیتەوە، لە تاقێکیش چەندین نموونەی جۆری سابوونێکی بۆنخۆش و هەستبزوێن، دانرابوون، دروستکراوی سابوونچییەکی ناو قەڵات بوو. لەسەرەوە لە پەنجەرەی بچوک بچوکی بازنەیی ڕەنگاوڕەنگ رووناکایی خۆر خۆی دەکرد بە ژووردا، مرۆڤ دەیتوانی تێبینی ئەوە بکات، ئەم بازنە خرانە چاوی پیاون. دەمێک بوو هێڵێکی سوور، ژێر مەمکمی گرتبوو، تاوێ خۆم وەرسوراند، ڕێک لە لێژایی سمتم، سوور و کەسکێک گیریان خوارد، سا کە خۆم لادا، خزی و کەوتە نێو ئاو، کە هەڵمگرتەوە، سابوونەکەی خۆم نەبوو و ئەوەی من، هێشتا لە نێو ئاوەکە و لە بن پێم بوو، بەر لەوەی فریای ئەوە بکەوێ بمخات، هەڵمگرتەوە... بەر لەوەی لە گەرماو بێمە دەرەوە، دەرگەم کردەوە و نەکردەوە، تووشی سەرسامی و حەپەسانێکی پەتی بووم، کە گوێم لە شەقڵن و هاڕەی چەپڵەڕێزان بوو. کە هاتمە دەرەوە بینیم، خزمانی عەبدوڵڵا هاتوون، کە دواتر لێم پرسین بۆ واتانکرد، یەکێکیان گوتی، ئێمە فێرین بچینە ماڵە خزمێک و یەکێکیان ئاگادار نەبێ، کە ئێمە چووین بۆ ماڵیان، هەمووومان لە شوێنێ کۆدەبینەوە، تا ئەو کەسە دەگات، کە گەیشت، دەیکەین بە چەپڵەڕێزان و کەیف و خۆشی.

# وڕێنە

برایارماندا لە خانووەکەی قەڵاتێ بمێنینەوە. بەشەو بریارماندا و بە ڕۆژ ماڵەکەمان گواستەوە، بەڵام بە هەفتەیەک ئینجا ماڵەکەمان ڕێکخست. ماڵە کۆنەکەم، دراوسێکانم لە بیرێژیان بە هەموو جوانییەکانیانەوە، جێهێشت.

لەگەڵ ماڵی نەزیرە خان، بووینە دوو دراوسێی گیانی بە گیانی. شەوانە سەردانی یەکترمان دەکرد، نەزیرە خان خاوەن کور و کچێک بوو، هێشتا نەخرابوونە بەر خوێندن، زۆرجار لەگەڵ زوهێر گەمەیان دەکرد، ئەگەرچی منداڵەکانیان کەمێک شەڕانی بوون. رەئوف دڵسۆزی هاوسەریشی تازە لە بەندینخانە ئازاد کرابوو . گەلەک لێی بە گلی و گازن بوو. لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: قوماربازە.

دووەم: نەزیرە خان دەیگوت، بەردەوام پێداگیری لەوە دەکات وەک تیاترۆکان نایوروژێنم. مەبەستی لە تیاترۆ، ئەو ژنانە بوو کە لە یانە شەوانەکان سەما دەکەن، نەک سووزانی.

شەوێکیان دانیشتبووین لە ماڵەکەی نەزیرە خان و ئەوان، رەئوف دەیگوت، باوکم تا ماوەیەکیش بەر لەوەی بمرێ، چەپ بوو، چەپێکی ڕادیکاڵیش، کە زانی تەمەنی هەڵکشاوە، دەستی کرد بە نوێژخوێندن و

هەموو نوێژەکانی لە مزگەوت دەکرد. پێڕانەگەیشت ئەگەرنا، نیازی حەجیشی هەبوو... عەبدوڵڵا گوتی، باپیری من، ئینگلیزەکانی پێ باشتر بوو لە عوسمانییەکان، بەڵام ڕەتی دەکردنەوە، چونکە دیینیان جیاواز بوو، بەڵام عوسمانییەکانی لەبەر موسڵمانبوونیان قوبووڵ بوو.
سێ پیاو خۆیان کرد بە ژووردا، رەئوف گوتی، با بڕۆین بۆ ژێرزەمین. ژێرزەمینی خانووەکانی قەڵات کە دواتر، ژێرزەمینەکەی وانم دیت، وەکوو دیوەخانێکی ڕازاوە بوو، پەنجەرەیشی تێدا بوو، مێزێکی مورەبەعیش لە ناوەڕاستی ژێرزەمینەکەدا بوو . مافورێکی کاشانیش لە بنی ڕاخرابوو، گوڵە نێرگزێک کەوتبووە ژێر قاچێکی مێزەکەوە، تۆزێ خۆت لار کردبایەوە، ئینجا بەحاڵ دەبینرا. بەلا دیوارێکەوە، عودێک هەڵواسرا بوو، نەزیرە خان گوتی، ئەم عودە، لەوەتی هەڵواسراوە بەکارنەهێنراوە، یادگاری باپیرەمانی هەڵگرتووە. سەردەمانێکی زوو، نەک هەر خۆی لە ماڵەوە، خەریکی گۆرانی و عودژەنین بوو، بەڵکو لە پێنج کچ، سیانی فێرە عودژەنین کردووە.
لەو شەوەدا، زەینەڵ قومارباز و پێنج لە قوماربازە بەناوبانگەکان، کە لەنێو حوکومەتیش دەستیان دەڕۆیشت، هاتبوون، ویستبوویان یاری قومار لەگەڵ رەئوف دڵسۆز بکەن، بەڵام عەبدوڵڵا گوتبووی، با ئەمشەو من یارییەکە بکەم... ئا بەمشێوەیە عەبدوڵڵا یاری لەگەڵ کرد، تا درەنگانی شەو من چاوەڕێ بووم، سەرەنجام عەبدوڵڵا پارەیەکی زۆری بە زەینەڵ قومارباز دانا. ڕەنگە ئەمەیش بۆ ئەو وەک کارەساتێکی گەورە تەماشا کرابێ، کاتێ لەبەر چاوی دۆستەکانی و نەیارە سەرسەختەکەیدا، کە رەئوف دڵسۆزە، توشی ئەم شکستە بووبێتەوە و شکستێکی وا گەورۆنەیش بوو، جێگەی بروا نەبوو. ڕەنگیشە وای بە خەیاڵدا نەهاتبێ و زۆریش بەلایەوە ئاسایی بووبێ و

زۆرجاریتریش دۆراندبێتی، زۆریشی دۆراندبێ، تا ئەو ڕادەیەی کە هیچ شتێکی ئەوتۆی لە دەست نەمابێتەوە. دووبارە چووەتەوە سەر مێز و بەرامبەر بە نەیارانی دەست بە گەمە کردۆتەوە...

زەینەڵ قومارباز، بەر لەوەی هەڵستێ و بروا، گوتبووی، گوڵناز یەکتر دەبینینەوە.

# یادەوەری

بە تۆمەتی هاندانی خەڵک بۆ خۆپیشاندان دەستگیرکرام، کابرای خوێڕوو، گوتی، مادامەکی ژنەکەت بەشداری خۆپیشاندانی کردووە، کەواتە تۆ هانت داوە و ڕێت بۆ خۆش کردووە! ئاخر ژن چۆن دەتوانێ بەشداری کاروچالاکی سایسی بێ، ئەگەر پیاوەکەی لە پشتییەوە نەبێ؟!

خستمیانە ژوورێکی دوو مەتر بەرز و پانییەکەیشی هەر هێندەی کاشییەک، ئەوپەری یەک و نیو! هەوڵمدا نەمتوانی دانیشم، گوێم لێ بوو بە پاسەوانەکە گوترا، نابێ خواردنی پێ بدەن، دواتر هیچ دەنگێک نەما. سەرم بڵند کرد، لەسەر سەرمەوە لای ڕاست، رووناکییەک هەر هێندەی پەنجەی گەورەی دەستم دەهاتە ژوورەوە، دووجار بە پەنجەی دۆشاومژە پیام کێشا، بە دەنگەکەی زانیم پلێتی ئاسنە، کەمێک خوارتر پیام کێشا، ئەمیش پلێتی ئاسن بوو، دیسان کەمێک خوارەوەتر، هەستم بە قوڵاییەک کرد، بەرزببووەوە بە دیوی دەرەوە، بەلای ژوورەوەیش نزمتر، پەنجەکانم بەرەو چەپ، بەرەو ڕاست، ئا ئەمە پەنجەرەیەکە بێ جام.

دیسان هەوڵم دا، دانیشم، قاچێکم بۆ دواوە و ئەویتر بۆ پێشەوە، نەمتوانی. بێدەنگ و بێ جوولە سەرم نزمکردبووەوە، ئینجا سەرم

بەرزکردەوە، ڕووناکییەکە سەرنجی ڕاکێشام، پەنجم بەشوێن کونەکەوە نا و لامبرد، دیسان دووبارەم کردەوە، ١، ٢، ٣، ... چەندینجار تا سەدم ژمارد و دووبارە دەستم پێدەکردەوە، ماندوو بووم، هەستم بە ساردییەکی زۆر کرد، لە بن پێمەوە، هورووژمی دەهێنا، تا پێمزانی پێڵاویان لەپێ داکەندووم، پێی ڕاستم دەخستە سەر پێی چەپ، پاشان بە پێچەوانەوە، پاشان لە زەوییەکەم خشاندن، ئەمە ئاوازی بیر خستمەوە، ئێواران کە لە قوتابخانە دەگەڕاییەوە، پێڵاوەکانمان لە سەر زەوییەکە دەخشاند، ئەمە سڵاوی ئێمە بوو لەیەکتر.

گوێم لە قۆرەی سکم بوو... گوێم لە دەنگەدەنگێ بوو، گوێم قۆڵاغ کرد، یەکێ گوتی، خەڵکێکی زۆر دەستگیراون، زۆریش بریندارن.

ژوورەکە تەواو تاریک داهات، سەرم بەرزکردەوە ڕووناکییەکە نەمابوو، دەستێکم پێدا هێنا بۆ لای ڕاست، بۆ لای چەپ، کونەکەم دۆزییەوە، هەستم بە سەرمایەکی زۆر کرد، ڕێکوڕاست ڕاوەستام و دەستەکانم لەسەر سکم خستە سەریەک، هەر وەک هەموو جارێک و کە ساکینە پێی دەگوتم، دەڵێی لە ماڵئاواییی کەسێکدا ڕاوەستاوی...

بۆ یەکەمجار ئەو پرسیارەم کرد، ئایا ساکینە چی دەکات و چی لێهاتووە؟

قۆپچەی پاڵتۆکەم داخست، پاڵتۆیەکی سەربازی و کەشخە، دوو قۆپچەی گەورەیش لەسەر شانم.

دەنگی خشپەی پێ هات، دەرگەیەک کرایەوە، دەنگی کەسێک لە دوورەوە هات، گوتی، بیهێنە.

یەکێکی تر، گوتی، ئەم زیندانییە مردووە.

"باشە، دەرگەکە دابخەوە."

ویستم پاڵتۆکە داکەنم و لە ژێر پێمی دابنێم، تا نیوەی قۆڵەکانم هێنا، دووبارە گەڕاندمەوە شوێنی خۆی و بەسەر شان و سەری خۆمم دادا، دیسان، تا نیوەی قۆڵەکانم هێنا و دووبارە بەسەر شان و سەری خۆمم دادا، گەمەیەکی خۆشە و بۆ گەرمبوونەویش باشە. یاسای گەمە بەمشێوەیە بوو؛ تا سەد دەژمێرم، دوا ژمارە بە هەر کامێکیان کەوت، شان و سەرم، یان قۆڵەکانم، ئەوا پاڵتۆکە لەم شوێنە دەمێنێتەوە. چەندیجار سەدم ژمارد و هیچ جارێکیش بە یاساکەوە پەیوەست نەبووم.

لەرز گرتمی، دەستم خستە نێو گیرفانی پاڵتۆکەوە و خۆم وێک هێنایەوە، سەرم نزم کردەوە، بیر لای دەرەوە بوو، دڵم گوشرا بوو، کەمێک هەناسەتەنگی...

دەبوا میز بکەم، ئایا دەبێ هەر لێرە بیکەم؟

ئەمە ئەو پرسیارە بوو لە خۆمم نەکرد، هەرامەکەمم دەرهێنا و میزیکی زۆرم کرد. میزم بە دەرگە دا کرد، دەنگی لە هی موزیکی جاز دەچوو. دەمویست وەک منداڵیم گەمە بە میزەکە بکەم و پەرش و بڵاوی بکەمەوە، لەناکاو شەرمهێن بوو، میزەکە کۆببووەوە لە ژێر پێکانم، هەستم بە گەرمی میزەکە کرد، ئەمەش چێژێکی زۆر بوو، بەڵام زۆر بری نەکرد. دیسان ساردی زەویی و ساردی میزەکەیشی هاتە سەر .هەوڵمدا بە سەرە پەنجەکانی پێم، بپرژێنمە رووی دیوار و دەرگە، هەوڵێکی باش بوو، بەڵام زۆریش نا، هەوای سارد بەر پەنجەکانم دەکەوت، پێم بەرەو پێشەوە برد، پەنجەکانم کەوتنە نێو بۆشاییەوە، بۆشایی نێوان دەرگە و زەوی بوو. ئیتر ئێستا میزەکە وشک بوویەوە، بەڵام پێکانم بەتایبەت نێوان پەنجەکانم دەخورێن، پەنجەی گەورەم خستە نێوان پەنجەکان و خوراندنم.

بەڵام من حەز بە دەرەوە دەکەم، دەرەوە یانی چوونە سەر قەڵات و سەیرکردنی شۆنپێکانی رابردوو. ئەوە بۆچی ئێمە تەنیا کە خەمبار بین دەچینە سەر قەڵات و ڕۆژانی تر لە بیرمان نییە؟

هەستم بە ماندوێتی و هیلاکییەکی زۆر کرد.

دیسان هەوڵمدا دابنیشمەوە، پێکانم یەکەمجار ڕاست، پاشان چەپ، بۆ دواوە، ئەژنۆکانیشم بۆ پێشەوە، ڕاست، چەپ، بێسوود بوو. هەوڵێکی ترمدا، پشتم چەماندەوە و پێکانم بردە پێشەوە و بە ژێرەوەی دەرگەم نا، نەمتوانی قونم بە دیوارەوە بنێنم، خۆم ڕاست کردەوە تەواو پشتی خۆمم دا بە دیوارە، ئینجا هەستم بە پشت ئێشە کرد.

گوێم لە دەنگی بانگدان بوو. دوای ئەو هەموو کاتە یەکەمجار بوو گوێم لە بانگدان بێ.

بێ دەنگ و بێ جووله، سەرم کز و نزم، دەستم لەنێو گیرفانی پانتۆڵ، قەڵەم پاندانەکەم کەوتە نێو دەستم، هەموو شتێکیان لە گیرفانیا دەرهێنابووم، قەڵەمەکەم نەبێ، حەزمکرد شتێ بنووسم، بەم تاریکایییە دەبێ چی بکەم، دەبێ لەسەر چی بنووسم؟ یەکەم ڕستەم بە خەیاڵ گەڕا، "من باشم."

"من ئەگەر لێرە بڕۆم باشم."

من فێرنەبوویمە زۆر لە شوێنێک بمێنمەوە، هەست دەکەم خەریکە بۆگەن دەکەم.

بۆگەن بوو ئەو ئێوارەیە من ئیتر ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩...

لە یەکەم هەوڵی نووسینی نامەدا شکستم هێنا، من نازانم نامە بنووسم. بیرم پەرشوبڵاو بوو، نەمدەتوانی بیر لە شتێکی دیاریکراو بکەمەوە...

گوێم لە خشەخشێک بوو، تەپەی پێ، یان چی بوو؟ خشش خششش نزیک کەوتبووەوە لە ژوورەکەی من، بۆنی گریس تێکەڵ بە بۆنی پشیلەی مردوو، نەک تۆپیو.

بۆنی نەوتم کرد، بۆنی بۆیەی دەرگەکە بوو، بە قەڵەمەکە لە سەر دەرگە نووسیم، من دەرۆم، یان ئێوە برۆن. گرنگ نییە لێرە بم، یان دەرەوە، تکایە دەنگەدەنگ مەکەن، بێزارم مەکەن، با بۆ خۆم ئازاد بم.

تۆش سەبارەت با ئازادی وا بیر دەکەیەوە؟ هەڵبەت ئەگەر نووسینەکەم وەکخۆی دەرچووبێ، چونکە تاریک بوو و هیچم نەدەبینی.

هەستم کرد تووشی هەڵامەت بووم، تۆزێ ئاو لە کەپووم چۆڕایەوە، لەپم کردبووەوە دڵۆپ دڵۆپ دەکەوتە نێویەوە. پاشان بە پاڵتۆکە سریمەوە، دیسان لەپم کردەوە، بە پاڵتۆکە سریمەوە، ئینجا بە قۆڵی پاڵتـۆکە کونە کەپووم سریەوە، دووسێجار هێنام و بردم، کەپووم بە قۆپچەی قۆڵی پاڵتۆکە کەوت.

دووبارە پشتم کەوتەوە ئێش، ئازارێکی قورس بەنێو سکما هەڵگەڕا.

دیسان بێ دەنگ و جوولە، سەرکز و ماندوو، چاوەڕێم کرد، داخۆ قەدەر چی بۆمان پێیە؟

...

گواسترامەوە بۆ ژوورێکی گەورە و پڕ لە دەستگیرکراو، لە دەرگەڕا لەئاست چاوم دا، پەنجەرەیەکی چکۆڵە هەبوو، ڕۆشناییەکی بە تین و تاوی خسبوویە ژوورەوە، بیرم نایە سەیری دەستگیرکراوەکانم کردبێ.

چوومە بەرامبەر پەنجەرە چکۆڵە و راوەستام، ئەفسوون و جادوویی بوو، وەکچۆن نیگاکردنی ئاوازیش وابوو. یەکێ گوتی، ئەم کڵاوە بخە سەر سەرت وادیارە سەرمات بووە و گوێکانت سوور هەڵگەڕاون، کڵاوەکەم لێی وەرگرت و بە یەکێ لە قۆپچەکانم وەکرد. سەیری

دارچنارێکم کرد، لە ژێریدا کابرى جل زەیتوونى پاڵى لێى دابووەوە...
چ خۆشبەختییەکە؟!
کابرا گەرایەوە، گوتى هەرنەبێ ئەم ملپێچە لە ملت بئاڵێنە، بەسەر لاشانێکم دادا. خۆر کوژایەوە و ئاسمان تەڵخ بوو. هەستم کرد دووبارە ئاوى ساردم پێدا دەکەن، وەکوو نیو کاتژمێرێک لەمەوبەر، ڕووت کرامەوە و ئاوى ساردم پێدا کرا، کابرایەکى سوورە هات و گوتى، لە ئێوارەیەکى ساردى وا، بۆ عاشقێکى وەکوو تۆ، قاوەیەک و جگەرەیەک هەموو دنیا دێنێ! ئینجا قاچ بخەیتە سەر قاچت و نەباى دێ، نە باران، وانییە؟! دڵم بە بینیى خۆرەکە خۆش بوو، بەڵام ئیتر ئاوابوو. جل زەیتوونییەکان بە کوشتنى ژووژکێک، ئەگەر بەندکراویش نەبێ، دڵخۆشى خۆیان دەردەبرن و دەخۆنەوە، هەمان دیمەنى چەکدارانى شۆرش، بۆ کوشتنى مشکێک کردیانە شایى و هەڵپەرکێ، لەسەر دیوار ریزێک بوتڵى بەتاڵیان دانا و نیشانەیان لێگرت...
"تۆبڵێی سەردەمى میرنشینەکانمان جێهێشتبێ؟" قالە ناوێک لە دوامەوە ئەو ڕستەى فرێدا و پاشان لە بناگوێمەوە، گوتى، ئەمەش خاولى برۆ سەرئاو.
هەى قەلەندەر لە خۆم، هەرچى پەڕۆوپاتاڵى کۆنە لە منیان ئاڵاند.
بۆ بەیانییەکەى گوتیان کەسێک هاتووە بتبینێ، بەپەلە ڕامکرد و باوەشم بۆ کردەوە، وامزانى ئاواز هاتووە...

# وێنە

لە گڵکەندەوە بۆ نافورەی کەسکوسۆر، بۆ فلکەی چەپ و پاشان بۆ پردی عاشقان، ئێواران پڕ دەبێ لە پیادەڕۆیان. چوار لەو جل زەیتوونیانە گەنجێکیان لە ڕێگە وەستاند و پرسیاری ئەوەیان لێکرد، کە بۆچی چەند پەڵەیەکی ڕەش لە شێوەی ئەستێرە بە کراسەکەیەتی، ئایا نازانێ هەموو شتێکی ڕەش قەدەغەیە؟ بۆچی ڕیشی هێشتووەتەوە؟ ئەی نازانێ ئەمە سەرۆک خەمبار دەکات؟

گەنجەکە هەر کە دەمی کردەوە و نەکردەوە، جل زەیتوونییەک، شەقێکی لە بناگوێی دا و گەنجەکە کەوت بەسەر زەویدا .

من تەماشام دەکرد و دەمویست بزانم چی ڕوودەدا...

خەڵکەکە بەدەم پیاسەکردنەوە، مۆرەیان لە جل زەیتوونییەکان دەکرد.

ئەوان ڕۆیشتن... یەکێ بە هاوڕێکەی گوت، ئەم ناوەیان کردووە بە گۆماو بۆ ئەوەی کەس پێیدا نەڕوا.

بەڵام خەیاڵی من لە شوێنی تر بوو، لەنێو سەوزاییەکی کەمێ تاریک، تۆزێ شێدار، گۆڤاری ئەلعەرەبی، لەسەر بەرگەکەی وێنەی کچە کوردێک، کتێبی مێژووی ئەربیلی زوبێر بیلالی لە دەست بوو. ئەو هەموو ڕەنگاوڕەنگەی جلوبەرگی سەرسامی کرد، ڕووبەرووی من هات،

کە گەیشت باشتر هەست دەکەم نزیکتر بوومەتەوە، تا شتێکی خراپ ڕوویدا، بۆ نموونە کوشتن! ئاواز گوتی، زۆر ساردە.

خۆم وێک دێنمەوە وەکئەوەی تازە هەستم کردبێ ساردە، دووجاریش پێ دەکێشم بە زەویدا . ئاواز گوتی، لەگەڵ عەبدوڵڵا سێجار پێمان بە زەویدا دەکوتا، یان پێڵاوەکانمان لە زەوی دەخشاند، بەمشێوەیە سڵاومان لە یەکتر دەکرد... هەمان چیرۆک و هیچ شتێک نەگۆڕاوە، وانییە؟ هەر خۆشم وەرامم دایەوە، بەڵێ، خۆشەویستی لای ئێمە هەر تەنیا یەک وێنەی هەیە، وەکوو نانی تیریی وایە، بە وشکی ڕەقە و ناخورێ، تەڕیشی کەیت، دەخوسێ.

بەسەر پلیکانە خۆمان گەیاندە سەر پردەکە، ئەم لا و ئەو لای پڕ خەڵک بوو، بەم ئێوارە درەنگ وەختە دەتگوت خەڵک نایانەوێ بچنەوە ماڵەکانیان، دەتگوت ئەمشەو شتێک ڕوودەدات، لەنێوان جوانیی و لەیککچوونی ئاواز و شەقامەکە هێدمەگرتی بووم . ئاواز گوتی، ئێستا چۆن سەیری من دەکەی؟

"نازانم، بەڵام حەز دەکەم ڕۆژانە وێنەت بگرم!"

"بەڵام ئەوەی ڕوویدا، من لەبیرم کردووە. واتە تۆ چیتر ناتوانی وێنەم بگریت!"

خاچێکی کێشا و گوتی، ئێمە گوناهێکی گەورەمان کرد.

پێکەنیم... گوتی، پێمەکەنە درێژ! دەزانی پێت دەڵێم درێژ، بەڵام خۆ زۆریش درێژ نیت. کوا وەرە تەنیشتم بزانم چەند لە من درێژتریت؟

خۆی هاتە تەنیشتم و گوتی، تەنیا یەک بست، وەکوو عەبدوڵڵا. ئینجا ئێوە هەموو شتێکتان وەکو یەکە.

گوتم، بۆ نموونە بەعسیبوون...

گوتی، ئاوا؟! ئینجا یەخەمی گرت و گوتی، تۆی بێنرخ و ناپیاو، ئەمت بە کوشتدا، وانییە؟ لە بەرامبەر چەند واتکرد؟

ئەو ڕووخسارە شیرین و نەرمونیانە، وەها گۆرا نەمناسییەوە! کوڵمی سوور هەڵگەڕا و لەش و گیانی هەمووی دەلەرزییەوە.

گوتم، ئەو خۆی وای دەویست، دەویست بمرێ، لە ڕاستیدا مامۆستا کەسێکی هێندە گەمژە نەبوو، تا کەسێک بتوانێ لێی بباتەوە! لە داهاتوویشدا ئەم ڕاستیە بۆ تۆ و هەموو کەسێک بەدیار دەکەوێ، من دوور و نزیک پێوەندیم بەم ڕووداوی کوشتنەوە نییە.

هەر کە یەخەمی بەردا، ترسم شکا، ترسی من سیخوریم کردووە و هۆکاری کوشتنی مامۆستام و پاڵێکی بۆ دواوە پێوەنام، بەخێراییەکی زۆر ڕۆیشت و لە دوا پلیکانە کەوت، هەڵساوە و زۆر ئاسایی وەک نەبای دیبێ، نەباران، بەسەر شۆستەکەوە ڕێی کرد. ئینجا ڕاوەستا و بە تاکسییەک ڕۆیشت.

بەڵام لە سەر لێواری ئاسنینی پردەکە ریزێک دڵی سووری کێشراوی لە دوای خۆی جێهێشت.

# وڕێنە

من و عەبدوڵڵا، ڕۆژێک دوای ڕاپەڕین، لە ترسی کیمیابارانکردنی شارەکە، بە ڕوخساری ماسکپۆشراوی دژ بە ماددەی کیمیاییەوە، چووینە بازار، بە هۆی گرانی و برسێتی، هەموو ئەو کەلوپەلانەی لە چەند ڕۆژی رابردوو تاڵان کرابوون، لە بازار دەبینران. هەموو ئەو کتێبانەی بەر لە راپەرین کرابوون، ئەو کتێبانەی مانگێک چاوەروانی دەویست، تا دەگەیشتن، لە سەر شەقامەکان هەراج کرابوون... پاشان چووینە ماڵە یادەوەرییەکەی نەبیل، تێکڕای کەلوپەلەکان تاڵان کرابوون، خەڵکی راپەریو، نەک هەر باڵاخانەی پارێزگە، بەڵکو دووکانەکانی دووروبەریشیان لە تاڵانکردن نەپاراستبوو، گوایە لە ڕۆژی ڕاپەرینەکە نەبیلیش وەک تێکڕای خەڵکی شارەکە راپەریوە، هیچ ناجێتە عەقڵمەوە ئەو ڕاپەڕیبێ، بەڵکو دەشێ تەنیا بۆ وێنەگرتن چووبێ، ئەی بۆ تا ئێستا دەنگ و باسی نییە؟ بۆ ناوی لەنێو کوژراوەکانیش نییە؟ یەکێ دیویەتی لەگەڵ سەربازانی بەعس ڕایکردووە، ئەگەر ئیبراهیم بەربەر دیبێتی، نەبیل لەگەڵ دەستپێکی ڕاپەڕین، ماڵ بە ماڵ ۆ کۆڵا بە کۆڵان دەگەرێ، سەری یەک بە یەکی بەعسییەکان دەتاشێ و هەتکی دەکات، کاتێ بەعسییەکانی بینیبوو ڕادەکەن، نەبیلیشی بینیوە لەگەڵ ئەوان ڕای کردووە، هەر بە

پێکەنینیشەوە بەربەر گوتوویەتی، کاکی من دەچیە کوێندەر، بە نیازی سەری سەرۆکەکەشیان بتاشی و وێنەی بگری؟

## دوایین وێنەی خەجە باوە

تاریک و ڕوونی بەیانی بوو، هێشتا هیچ هێزێک نەهاتبوویە نێو شارەوە، خەجە باوە بە تفەنگێکەوە، لە شەقامی سی مەتری، بە چواردەوری شارەکە دەسورایەوە، داوای ڕاپەرینی لە خەڵک دەکرد، ئەمە یەکەمجار بوو، ڕووبدا، پیاو بە بێجامەوە لە پەنا دەرگەدا خۆی مەڵاس بدا و فرمێسک لە چاوانی قەتیس بمێنێ، لە خۆشی بینینی ئەو دیمەنە پڕ لە ئازایەتیەدا.

# ماڵی مردووان

"وەرە ژوورەوە برادەر، وەرە مەترسە و ماڵی خۆتە. ئێرە دوا وێستگەمانە، بەڵام خۆشبەختانە هێشتا لە ناوەڕاستی شارەکەمان داین."

"مامۆستا ئەوە تۆی؟ ئێرە کوێندەرە؟"

"بەڵێ منم عەبدوڵڵا گوڵناز. گوایە ماڵی مردووانە لە قەڵات."

"شتی وام نەزانی بوو!"

"دەمرین و هێشتا شتێکی ئەوتۆ لە بارەی ئەمشارەوە نازانین! ئەوانەی مردوون، یان ڕەنگە دەستەبژێر بن، خەڵک بۆ تەماشاکردنیان دێن! ئەو ڕۆژە هادی چاوشلیم بینی بەنێو قەڵات دا دەگەڕا، دەیویست ئەو شوێنانە دیاری بکات کە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە. هەر وەکوو خۆی بوو، هیچ نەگۆرابوو. هاوارم بۆی کرد: مامۆستا! مامۆستا! وادیار بوو گوێی لێم نەبوو. ئەی ئەگەر گوێی لێم بووبێ و وەرامی نەدابمەوە؟ دەمویست پێی بڵێم ئەم قەڵایە نۆژەندەکەنەوە، ئەی ئێمە چیمان بەسەردێ؟ ئاسانە ڕاهاتن، بەڵام وێنەگرتن بۆ ئێمە قەدەغەیە."

"زۆریش خراپ نییە."

"من هەست دەکەم لە ڕێکخستنی نێو شار دام. هاکا دیسان بووەوە ڕاپەرین."

"خۆ دیتت چ روویدا؟!"

"ئەرێ... ئەم شارە هەمیشە پێشبینییەکان پوچەڵ دەکاتەوە. چەندی کردم دەستم چەکی نەگرت."

"ئم."

# ماڵی مردووان

ئێوە ئێستەیش تێنەگیشتن کە لەپێناو چیدا دەجەنگن؟ بۆ کێ ڕاپەرینتان کرد؟ لە یەکەم خۆپیشاندانی دوای ڕاپەرین، چەکدارەکان، لە سەر هەردوو قومارخانەوە، لەمبەر و ئەوبەر شەقامەکە، چەکیان رووەو خۆپیشاندانەکە کرد، بۆ ئەوان تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو، داخۆ دەتوانن لە یەکەم ئەزمونیاندا بتوانن لەم قومارکردنەدا سەرکەوتوو بن، یان نا؟

دروشمی نانوئازادیمان بەرز کردبووەوە، پڕ بە گەرومان هاوارمان کرد، چەکدارەکان چەند گوللەیەکیان نا بەئاسمانەوە... هاتن ڕێگریمان لێبکەن و یەکێکیان گوتی، زیاتر بێنە پێشەوە خۆتان بەرپرسیار دەبن لە هەر رووداوێک. فەرمانی تەقەکردنمان پێدراوە! بەردەوامبووین لە ڕۆیشت دەستیان کرد بە تەقە و لە نێوان هەردوو قومارخانەکە، لەسەرەوە تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد، بڵاوەیان بەخەڵکەکە کرد، چەند کەسێک لەسەر زەوییەکە کەوتن، دوانیان منداڵ بوون، هەندێکیان بەبرینداررییەوە ڕایانکرد.

# برایمە شەلی قومارباز

برایمە شەل، لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە دەسەڵات، پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد ئازادی! ئازادی! ئەم گەنجە خێر لەخۆ نەدیوە بە گۆچانێک و ڕیشێکی زۆرەوە ڕوو لە گوللە بوو... برایمە شەل، هەموو دانی ئێواران لەنێو بازاری شێخەڵڵا تێزابی بە قاچی ڕووتی ژنەکان دا دەکرد. خۆی دەخستە ژێر عەرەبانەیەک و لە پەنا تایە خۆی دەشاردەوە، تا ژنێک دەگەیشت، بە شریقە تێزابی بە قاچوقووڵی ڕووتی ژنەکە دادەکرد و پاشان بە شەلەشەل ڕایدەکرد.

# کوشتن

ت. س. پەلکانە، لە بەیانییەکی فێنکی دوایین ڕۆژەکانی بەهاری ساڵی ١٩٩٤دا لەگەڵ یەکەم تەقەی شەڕی نێوخۆ کوژرا. هەر لەگەڵ دەنگی تەقەیش بوو، خەڵکی گەڕەکی جوولەکان خەبەریان بووەوە. تەرمی لە شەقامێکی نزیک ماڵەکەی، کەوتبوو. خوێنی ڕژاوی تێکەڵ بە ئاوەڕۆکە بووبوو. پاڵتۆ خوێناوییەکەی دەدرەوشایەوە، ئەگەر سێبەری درەختەکانی سەر شۆستە لێگەرابوونایە.

"ئەو شاعیر بوو، توانایەکی گەورەی هەبوو، دەیتوانی دژی ئێمەمانان لەم ڕۆژنامە و شتە، بنوسێ و کاریگەری دروست بکات، بەڵام ئایا دەشتوانێ وا لە مار و دووپشکەکانیش بکات، کە پێوەی نەدەن؟" ئەمە قسەی هەیاڵ بەردەشانییە لەنێو خەڵکی گەڕەک وای گوت... لە ڕۆژنامەیش گوتارێکی لەسەر کوژرانی ت. س. پەلکانە نووسی...

ڕێککەوتە بکوژی وی دەمودەست لەوێ دڵی وەستاوە و مردووە؟ ئەو کێ بوو و بۆچی ئەمی کوشت؟ ئایا ئیتر کەس هیچ شتێک لەبارەی ئەو ڕووداوەوە نازانێ و هەرچی نهێنی هەیە بکوژ لەگەڵ خۆی بردوویەتییە ژێر گڵ؟ بۆ ئێوارەکەی، منداڵەکانی گەرەک، تۆپەکەیان لێ کەوتە هەمان ئەو جێگەیە کە ت. س. پەلکانەی تێدا کوژرا، نەچوون تا تۆپەکە بهێننەوە، ئایا ئەو منداڵانە ترسان بچن تۆپەکە

ببەنەوە؟ یەکێکیان کە بە حەمە ناوی دێنن، بۆ منداڵەکانی دی باس دەکات؛

"بە چاوی خۆم دیتم، بەیانی زوو پیاوێک لە سوپەرێکی سۆر دابەزی، کلاشینکۆفێکی لە دەست بوو، تەماشای ئەم دیو و ئەو دیوی خۆی کرد و چووە نێو بارەگە حزبییەکە و دواتر لەسەر سەربانی بارەگەکەوە بینیمەوە..................؟!"

***

# بەرهەمەکانی نووسەر






بۆ چالاکیی ئەدەبی و فەرهەنگی

**له بڵاوكراوه‌كانی خانه‌ی كولتوور**

1- زمانی حەیزەران . توێژینەوە. د. فەرهاد پیربال

2- پەتاتەخۆرەکان. چیرۆک. د. فەرهاد پیربال

3- بەسەرهاتەکانی شۆفێری تەکسی. تەنزەچیرۆک. جەلال قادر

4- هونەری وەرگێڕان. دیدار. ئامادەکردنی: ژیڤان بەکر

5- بازاڕیی. ڕۆمان. بۆکۆفیسکی. وەرگێڕانی:ئارام ڕەشید

6- مولازم تەحسین و شتی تریش. ڕۆمان. د. فەرهاد پیربال

7- قەبرێکی سێگۆشە. ڕۆمان . د.فەرهاد پیربال

8 - دەمەوێ بەرببمەوە ناو دەستەکانت ، شیعر، بەختیار ئۆغەن

9 - عیشق ، گەنج ، ماڵ ، سایکۆفەلسەفی ، پێشڕەو عەبدوڵڵا

10 - خەونەکانی کەژاڵ ، ڕۆمان ، جەلال قادر

11 - دەستێک لە دەرەوەی خۆی تەنیایە. شیعر . تەیب قادر

12 - کەسایەتی بەهێز ، گەشەپێدان ، ناسر هورمز ، و:دڵشاد مستەفا ، بەهزاد حەوێزی

13 - ئەربیل . ڕۆمان . کارزان ڕەحمان